ژماره (١٠)   ئەیلولی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

لەسەر ماڵپەڕی دەنگەکان مانگانە گۆڤاری زنار بخوێننەوە




سەرلێشێواوی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەان ١٤





ئەنفالچیەکان ٢٤





چەوسانەوەی ئافرەت ٢٦





قۆناغەکانی عەشق ٣٤





رادیۆی تەوار ٤٦





ئەو کورە ..... ٥٣






فەرهەنگخانەی قەڵادزێ ٦١



**خاوەنی ئیمتیاز:**

ئەردەڵان یوسف محمد

(ئەردەڵان مام وسو دزەیی)

**سەرنوسەر:**

قادر ئەحمەد عومەر (هەڵگورد)

**بەڕێوەبەری نوسین:**

غەفور نادر حەمەدەمین



مۆبایل و ئیمەیڵی سەرنوسەر:

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ئاسیا   ٠٧٣٠١١١٣٢١٨سانا

halgordpshdare@yahoo.com

مۆبایل و ئیمەیڵی ب. نوسین: :

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا   ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا

gafurranya@myway.com

ئیمێڵی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com

**ئەدرەسی نوسینگەی گۆڤار:**

ڕانیە شەقامی گشتی کتێبخانەی هەنگاو



**سەرپەرشتیاری هونەری**

سدیق عەلی

sdiqali@gmail.com

**کۆمپانیای نێوەند**

چاپ و پەخشی دەکات

تیراژ: (٢٠٠٠)

# دیموکراسیو ئایین

ن: نویل مبیچ  و:دڵشادی مەلا عەولا

## (بەرهەمی تێکەڵ کردنی ئایینو سیاسەت دادگاکانی پشکنینە) ئەلبێر کامۆ

### کۆڵەکەی دیموکراسی دیموکراسی وئایین

پایەکان یان پڕەنسیبە سەرەتاکان بۆ فەرمانڕەوایی دیموکراسیو فەرمانڕەوایی ئایینی "تیۆکراسی"سەرلەبەر لێك جیاوازن، ئێمە لەبەردەم دوو سیستەمی جوداداین کە لەڕووی پێکهاتەو یاساو ئامانجەوە تێك ناگەنەوە. لەفەرمانڕەوایی ئایینی دا حەقیقەتی خواوەندی، ئەو پایەو پڕەنسیبانەی ناردۆتە خوارەوە لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفیو حەقایقی زانستی. یاسادانان لەتیۆکراسیدا لەبنەچەدا لەسەر "تێکستە ئاینیە پیرۆزەکان"هەڵ دەچنرێ کە بە هیچ بارێکدا گۆڕانکاریان تێدا ناکرێت لەبەرئەوەی خوا دانەریانەو ئەویش پارێزراوە لەهەڵە، هەرچیش لە کتێبەکەیدا هەیە شیاوە بۆ هەموو سەردەمو جێگەیەكو حەقیقەتی ڕەهانو بەهیچ شێوەیەك شیاوی ڕاڤەو واتە گۆڕینیان نیە. لە تیۆکراسیدا گەل لەژێر داواکاری پەروەردگارو ئەرکەکانی پەروەردگاردایە کە واخستوویەتیە ئەستۆی بەندەکانیو دەبێت بەجێی بگەیەنن. ئەو ئەمانەتداریەش بەهۆی پیاوانی ئاینیەوە دێتەدی کە زۆربەی جاران خۆیان ڕادەسپێرن بۆ ئەو کارەو ئایینو تەواوی مافو ئەرکە تایبەتیو گشتیەکان بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوە. بەڵام لەڕاستیدا هەموو لێکدانەوەو ڕاڤەیەك بۆ ئایین ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتو هۆشیاری لێکدەرەوەکەو بایەخدانەکانیەتی. بەهەمان شێوە کەلتوری سەردەمەکەش. کەبەسەر هاولاتی - بڕواداراندا- دەیسەپێنێ بەبێ ئەوەی ڕەخنەیەك یان ورتەیەکی لێوەبێ. مافی خەڵکی لە تیۆکراسی دا پراکتیك کردنی جۆرێکی سنوردارە لە دیموکراسی کە وابەستەیە بە فۆرمەکانی حکومڕانیەوە نەك بنەماکانیەوە. هەر تەقەلایەکی "دیموکراسی"ش پێویستە لەچوارچێوەی یاساو دەستوری خواوەندیدا خول بخواو هیچ دوو دڵیەك لەبنەماکانی ئایین دا پەسند ناکرێت.

تیۆکراسی بەلای بیروباوەڕی ڕەهادا دایدەشکێنێ کە هیچ جێگەیەك ناهێڵێتەوە بۆ لایەنی تر لەبیرکردنەوەو ڕەفتارکردندا ئەوەش بێ دوودڵی سەر بۆدیکتاتۆریو سەرکێشیو بەکۆیلەکردنو ململانێی بەردەوام دەکێشێ لەگەڵ "خەڵکانی تردا" لەبەرئەوەی هەر ناکۆکیەك لەگەڵیدا دەبێتە کوفرو دەرچوون لەڕێگەی ڕاست. ئەو بیرکردنەوە ئایینیو سیاسیە هەمەکیە بەلای کەمەوە هەموو بەرفراوان بوونێك یاساغ دەکاتو کار دەکات لەپێناوی زیادەڕەوی کردنو وابەستەیی کوێرانەو داخرانو گوێڕایەڵی تەواوو سەرلەبەر. ئەوەش توانای قبوولکردنی فەرەیی نیە مەگەر کاتێك هاتبێو لەبەرژەوەندی گەیشتن بەدەسەلاتیو دادوەری کردنی کۆتایی بێ لەسەری. مامەڵەکردنیشی لەگەڵ بێ باوەڕانو ئاینەکانی تردا بەپێی لۆژیکی حکومی تیۆکراسیە کە مامەڵەیەکە بە پێوەرێك کە ئەوەنیە زۆرینە مامەڵەی پێ دەکات. بەوەش دەگەڕێنەوە بۆ لۆژیکی "هەراسانی" و کەمینەکانو یاساکانیان، چوونیەکی هاولاتیان لەبەردەم یاسادا ڕەتدەکاتەوە. حوکمی تیۆکراسی لەلایەنی سیاسیو پراکتیکیەوە، بەسۆنگەی چەقینی بیروباوەڕیەوە ناتوانێ کاروبارەکانی دەوڵەت بەڕێوەبەرێ. گرفتەکانی دەوڵەتی مۆدێرن ئاڵۆزبوون لە سیاسەتو ئابوریو زانستیو کلتوریو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا پێویستی بەلەبارتر هەیە بۆ کرانەوەی عەقڵەکانو هاتنەوە لە مامەڵەکردندا لەگەڵ دەوڵەتو گەلانێکدا کە خاوەنی بیروباوەڕو ئایینی جیاوازن. بەتایبەتی پێویستی بە هەڵسوکەوتە گشتیەکان هەیە تاکو لەسەریانەوە ئاشنابێ بە یاسا نێودەوڵەتیەکان بۆ چاکترکردنی خۆشگوزەرانی خەڵكو گرێنتی سەربەخۆییەکەیو کار کردنی بۆ باشی هاوسێیەتیو ئاشتی جیهانی. ئەزموونەکانی تیۆکراسی لە سەدە ناوەندەکان لە خۆرئاواداو لەسەردەمە تازەکان لە ئەفغانستانو سوودانو سۆماڵو سعودیەو ئێرانو یەمەنو پاکستانو ئەو دەوڵەتانەی ئایین ڕۆڵێکی سەرەکی تێیاندا دەگێڕێ لەدانانی دەستورو یاسامەدەنیەکاندا دەرکەوتوون لە ئەنجامدا هەموو ئەو ئەزموونانە ئابڕوبەرن لە مافەکانی مرۆڤدا بەتایبەتی لە مافەکانی ژندا. تیۆکراسی بەتەواوەتی پڕەنسیبی چوونیەکی نێوان پیاوو ژن دەسڕێتەوەو بەیەکجارەکی ژن لەبەشداری کاراو تەواوی کاروبارەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگا دوور دەخاتەوە لەبەرئەوەی ژن شوێنکەوتەی ئیرادەی پیاوەو ڕزگاربوونیشی بەپێی ئیرادەی ئەو دێتەدی. ئەو دواکەوتنە لە عەقڵیەتی تیۆکراتیەکاندا "نیرینەکان"بێ گومان بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا ڕەنگ دەداتەوە ئەوەش نەحەقو نە ئەخلاقو نەکاراییە نیوەی کۆمەڵگا"ژن"لەدەرەوەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتیو سیاسەتدا دابڕێ بەبێ زیانگەیاندنی قووڵ بەنەوەکانی ئێستاو ئاینده. لەدیموکڕاسی دا بیری مرۆیی داهێنەری دەستورو یاساکانەو ڕەوتی دەوڵەتو چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ هاولاتیانو دەوڵەتانی تردا دیاری دەکات. سەروەری دەوڵەت لە دیموکراسی عەلمانیدا لەگەلەوە هەڵقولاوە. لەوێدا گفتوگۆو دەمەتەقێو ڕەخنە والایەو هیچ کۆتو بەندی بیروباوەڕی پێوە پەیوەستکراوو گەڕانەوە بۆ کۆنەپەرستی تێدانیە. گرینگترین پیرۆزیەکانی دیموکڕاسی کە لەپلەی یەکەمدا دادەنرێ ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ ئەوەش چڵەپۆپەی گەشەکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیە. ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ بەنموونە بەهای ڕەهای بەخەڵك بەخشیو یاساغی بەکارهێنانی ناڕەواییو پشتیوانی لە ڕێزو مافەکانی لەکۆمەڵگادا کرد، ئەوەش ئەوپەڕی دادگەری بوو لەدیموکڕاسی عەلمانیدا،پەسندکردنو لیبوردەیی بۆ هەموو بیروباوەڕە ئایینو باوەڕیو ئاینزا کۆمەلایەتیەکانیش هەیە. ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨)و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار بەمافە مەدەنیو سیاسیەکان( ١٩٦٦)و جگە لەمانیش لە ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکاندا کە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی سەر بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیان بەمەدا ناوە. ئەمەش گوزارشتکردنێکی ڕوونە بە عەلمانیەتی دەوڵەتو وابەستەبوونی ئەو دەوڵەتانە بە پراکتیککردنی ئەو پرەنسیپانە لە ولاتەکانیاندا.

## ئاین لە نێوان تایبەتیو گشتیدا

لەكۆمەڵگایەكدا كە تەنیا كار بەیەك پرەنسیب بكرێت ئەستەمە مافەكانی مرۆڤ دەركەون. لەسەر ئایینە كەكاروباری هاوڵاتیان ئاسان بكات لە تەواوی چالاكیو بیروباوەڕیاندا. دەوڵەتی مۆدێرن تەواوی كاروبارەكانی كۆمەڵگای خستۆتە سەرشانی خۆی تاكو پێویستی هاوڵاتیەكانی لەڕووی ماددیو مەعنەویەوە دەستەبەرو ڕازیان بكات. لەئایینەوە زۆر كاری گرینگیان وەرگرتووە كە پیاوانی ئایینی پێی هەڵدەستن لە گركردنەوەی كۆمەكی بۆ دەسكورتەكان تاكو چاودێری منداڵانو نەخۆشانی پێ بكرێت...هیچ بۆ ئاین نەماوە تەنیا بیروباوەڕو ڕێوڕەسمەكانی نەبێت ئەویش بەو مەرجەی نەبێتە مایەی ئازاردانی ویژدانەكان، بەڵكو لێبوردەو بەخشندەش بێت لەگەڵ ئایینو بیروباوەڕەكانی تردا. باوەڕبوون ڕەزامەندی تاكیەتی بێگەردەو سیاسەتو كۆمەڵگا ناچنە ناویەوە. هەر دەستێوەردانێكی دەرەكی دەبێتە مایەی نەمانی بەهاكەی. ئەو كۆمەڵگایەی كە مرۆڤ پاڵ دەنێ بۆ باوەڕبوون بە زۆرەملێی یان لەڕێگەی بانگەشەی فیریودەرو بەدخوازەوە، زیان بە بەهای ئاین دەگەیەنێو باوەڕی تاكیش دەشێوێنێ. دڵو دەروون لە قوڵاییەكانیدا هیچ كایەكی باوەڕبوونی كە بەكاریگەری دەرەكی تێدا نەرسكابێ ئەوە هیچ ژیانێكی ئاینی زكماكی تێدا نیە. وەك ئەو باوەڕبوونە ڕووكاریەی كە هەیە وەك باوەڕی(كۆمەڵایەتی)و خەڵكانی تری پێ ڕازی دەكرێو دەچێتە كایەكانی سرووتو (لاسایی)و ڕواڵەت بازی كۆمەڵایەتیەوە. گردبوونەوەی خەڵكی لەدەوری بیروباوەڕی ئاینێك ئەو حەقەیان پێ نادرێ باوەڕەكەیان بەسەر خەڵكانی تردا بسەپێنن یان سیاسەتو كۆمەڵگا بە پێی بیروباوەڕەكەیان ئاراستە بكەن. ئەو(ستەمكاریە)ئاینیە سەر بۆ چەوسانەوەی ئەو كەسانە دەكێشێ كەباوەڕیان بەو ئاینە نیە لەگەڵ دەمارگیریەكی بێ سنور كە زیان بە ئاینو كۆمەڵگا دەگەیەنێ بەیەكەوە. ئەوەش كۆمەڵگا ڕەنگرێژدەكات بە ڕەنگێكی تەسكبینی ئاسۆیی ئاینیو ئاینو دامەزراوەكانی دەبنە بنكەو شوێنی تۆقانی خەڵكو دەست درێژی كردنە سەر ویژدانو ئازادیە گشتیەكانیان.

سەرچاوە / www.kwtanweer.com



# كێ ئاوڕ لە خۆشەویستی ئێمە دەداتەوە


**نیگار محەمەد**

negar_muhamad@yahoo.com


ڕۆژێك نییە ئێمە بە ئازاری نیشتیمانی لەت لەتكراوەوە نەتلێینەوە، بۆ باكوورو باشوورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا سەدان خۆزگە دەكەینە ئامانج، چاو لە مەچەكی پێشمەرگە دەكەین، چاومان لە هێزی هێزە سیاسیەكانە، گوێمان لە گوتارو دروشمی ڕێكخراوە مەدەنییەكانە، ئێمە هەمیشە هێزێك لە ناخمانەوە گوشارمان بۆ دەهێنێ، ئەم هێزە ڕۆحیەتێكی شورشگێڕیو نیشتیمان پەروەرییە، ڕۆحێكی نەتەوەییانەیە كە لە باكگراونددا، هی نەوەی پێش خۆمانە، ئەوانیش جیلی باوكو باوانمانە، ئەو ڕۆحیەتە زۆر جار وامان لێدەكات كە داوای مافی خۆشمان نەكەین، بۆ نموونە: بەرپرسان پێمان دەڵێن ڕەوشی ئێستای كوردو قۆناغی ئێستای دەسەڵاتی سیاسیو ئیداری كوردستان قۆناغێكی ناسكە، بۆیە دەبێ هەرچی گلەییو گازاندیە بۆ كاتێكی دیكە كە كاتی سەربەخۆیی كوردە دوابخرێت. ئێمە دەسەڵاتی كوردیمان خۆشدەوێت، بەڵام دەبێ سەركردایەتی كوردیش بارتەقای ئەو خۆشەویستیەی ئێمە هەنگاومان بۆ بهاوێت.

ئێمە خاكو نیشتیمانمان لە هەموو شت لەلا پیرۆزترە، بەڵام هەندێ بەرپرسی نابەرپرس هەن كە وادەكەن گەنج هەست بە نامۆیی بیر لە تاراوگە بكاتەوە، ئەی پرسیارە سبەی ئەگەر دوژمن بیەوێ لە مافو ئازادیەكانی گەلی كورد بدا، كێ بەرگری دەكات؟ ئەو بەرگریكارانە هەر گەنج نابن؟ ئێمە دەمانەوێ وڵاتێكی مەدەنی، بە دەستوورو یاساو ژیانێكی شارستانیانە پەروەردەمان بكات، نامانەوێ چیتر بیر لەو خەیاڵو خەونانە بكەینەوە كە (هەندێك بەرپرس)! ناتوانن بۆمان بكەن بە واقع، ئایا كێ دەتوانێ خۆشەویستی ئێمە بۆ كوردو كوردستان دیاری بكات، ئایا هیچ پێوەرێك بۆ خۆشەویستیمان هەیە؟

سەرەڕای ئەو هەموو گازاندانەی بەرپرسان لە گەنج، ئایا ئێمە نەمانتوانیوە ئینتیمای لەبن نەهاتوومان بۆ قیادەی كوردی بەیان بكەین، ئەی خۆپیشاندانەكانی دژ بە توركیاو دژ بە گرتنو كوشتنو ئازاردانی كوردانی هەر چوار پارچە نیشانەی ئەوپەڕی هەستی لێپرسراویەتیو نەتەوەییانەمان نییە؟ باشە بۆ دەبێ تەنها شتە نێگەتیڤەكان هەژمار بكرێت؟! بۆ دەبێ كەس گوێ بە خواستەكانمان نەدات؟! بۆیە دەبێ ئەمجارەیان دەسەڵاتی كوردی زیاتر لە دوێنێ ئاوڕمان لێ بداتەوە، ڕێكخستنە جەماوەرییەكان، لۆبی كورد، گرووپەكانی گەنجانی كوڕانو كچان دەبێ تژی بكرێن لە گەنجی چالاك، تاوەكو هاوتەریب لەگەڵ گوتاری نەتەوەییانەماندا هەنگاو بنێن.



## ئەنوەر رەشی عەولا

# بۆ ئەوەی نەمریت هەمیشە موسافیر بە

**نوسینی پێشەکی بۆ هەر دیدارێك بە مەبەستی ناساندنی کەسەکەیە، بەلام لەم هەڤپەیڤینەدا کە لە رێگای ئیمەیلەوە لەگەڵ شاعیرو نوسەر ئەنورە رەشی عەولا ئەنجاممان داوە، لەوەلامی پرسیاری یەکەممماندا ئەوەندە رۆمانسیانە خۆی پێئاشناکردین کە ئیتر نوسینی پێشەکی ئەستەمکردو ب ئاشنابوونی زیاتری ئێوەش ئەم هەڤپەیڤینە بخوێننەوە.**

زنار: ئەنوەر رەشی عەولا کێیە، دەتوانی برێك لەسەر شوێنی لەدایک بوونو منداڵی خۆت بۆ خوێنەران بدوێی

ئەنوەر رەشی عەولا: هاوشێوەبوونێکی فراوان لەنێوان منداڵی منو منداڵانی - درشتە کولتوورەکەی- کە هەمووماني لە وردە کولتووره- جیاوازەکان.. وەکو یەك فرچەك داوە، کەناوی کۆمەڵی کوردەوارییە. لەم رووبەرەدا من کێم، لە ٦-٢-١٩٦٣لە شاری سلێمانی، گەڕەکی سابونکەران کەسەر بە گۆیژەیە- لەدایك بووم. وەلێ بەمانا ئۆنتۆلۆژیەکەی.. لە زمانی شۆبنهاوەرەوە دەخوازم بێژم" سوپاست دەکەم ئەگەر کۆمەکم پێبکەیتو بزانم من کێم"!؟. بەلێ ماجەراکان نیشانی داوینو دەدات، جارێك بەهاکانی ژیان دەمانئاژوێتو خۆمانمان بە کۆمەڵێ ئاستی جیاجیاوە لێهەڵدەقولێنێت. جارێکی دیکەش هێندە بەشەوقەوە تراژیدیاکانی ژیان لێدەخورین، بەو وەهمەی مینا ئاسنێکی سوورەوە بووی لە کوورە دەرهاتوو بیکوتنو بیکوتینەوە، بەهیوای ئەوەی کۆمیدیایەك کە دڵ لە ماخۆلیایەکی سەریدا گەرەکێتی لێ دەربهێنین. لەم گەمە سەرکێشیو شێتایەتیەدا جار هەیە کوشندانە دادەوەشێین.. جاریش هەیە بە غەزەلی

روئیاگەلێکی تر دروستدەبین. بۆ ئەم هەموو جوڵە جوڵو هەڕەمەکیو بەرنامە ڕێژکراوانەش، گا پێمان لەزەمینو گا سەرمان لە ئاسمانێکی بێپایاندایە. ئەم حاڵەتەش چەندێك وابەستەی ئیرادەو خواستو هەلومەرجەکانن. نیکۆس کازانتزاکیس زۆر روون لەزمانی پاڵەوانێکیەوە دەفەرموێت"خۆم وەکو گەواڵە هەورێك دێتە بەرچاو کە بای کوێستان بەهەموو لایەکدا رای رفێنێتو شێوەی جیاواز جیاواز وەربگرێت، شی بێتەوەو دیسان یەك بگرێتەوە، شێوەی باڵندەی قوو، سەگ، شەیتان، دووپشكو مەیمون لە خۆبگرێت". داخۆ ئێمەی راستەقینە، لەنێو ئەم پەرتبوونو جەمبوونانەدا بنەچەکەمان زادەی چینو کێنو بە چ کارلێکێکی پێچیدەدا تێپەڕبووین؟. دەتوانم پێتبڵێم.. کات هەبووە مەیموونەکەی ناو من بەدارو دیواردا هەڵزنیووە، بێ ئەوەی باکی لەهیچ هەبووبێت. بێخەیاڵ لەهەوار هاواری گەورەکان، یا بێزاری دابونەریتو دەرودراوسێو خزمان.. یان سەگەکەی ناو من، حەزی بە نزیکبوونەوەی ئەو سەگە خوێڕیو کراوانە بووە کە توخن کەوتنیان مانای گلاوبوونی گەیاندووە، ئەمە جگە لەوە وەك دوپشکە رەشە جەزرەبەیان پێدەگەیاندیت، دواتریش دەبوو بۆ ئوسڵ دەکردنیش بە گڵە سوورە دەستو پلت بشۆردایەو بسمیل بکرایە، بەدەم گریانو منگە منگی سەرخوانی ئێوارە وەختەی خێزانیش دەیانگوتەوە: ئیتر فریشتە لەماڵەکەماندا نەما، خوا رزقمان دەبڕێت! بەم دانەسکانو نەسرەوتنانەشمەوە، هەندێ جاریش منداڵێتیم دیپەرژا.. لەهێمنی یەزدانیانەی نەنکم رابمێنم کە لەبەر بەرۆچکەیەکدا نقومی ئارامشیەکانی رۆحیانەی خۆی ببوو. عارفو سۆفیەکەی ناو منیش چاوی لەو حاڵەتە تاقانەیەی دەکردو بەدیاریەوە دادەنیشتو ئەو رۆژە ئارەزووی چوونە دەرەوەو هەڵماتێنو هەلوکێنو چاوشارکێی نەدەکردو ئەمەش بەلای دایکمو باوکمەوە هەم سەیر بوو هەم سەمەرە. بۆیە دەترسان شتێکم لێقەومابێت، ناچار دەیانگووت: رۆڵە کەمێك بچۆ دەرەوە بۆلای رەفیقەکانت. رۆژێکی تر سوارچاکەکەی ناو من تینووی سواربوونی وڵاخو گوێدرێژ دەبوو.. دەچووین بەدوای باری ئەو دێهاتانەدا کە چێشتەنگاو ماستو کەرێو سیرێژو تۆراخو بەروبوومی کشتوکاڵیان دەهێنا بۆ شار. ئەو گوێدرێژانەی بە دارتێلێکانەوە بەستبوویانەوە دامانبردوو حەوت گەڕەکمان پێدەکرد. درندەکەی ناو من دوای سەری چۆلەکەو راوەماری بن بەردی سەرقەبرانی گردی سەیوانو چلکە ژەنینی لەشارە زەردەواڵەی لێدەکردم. ئیتر رۆژ تا ئێوارە ئێمە خەریکی حاڵکردنو شەڕفرۆشتنێکی بەریئانە بووین بە عەردو ئاسمان. بێئەوەی هەستمان بە هیچ دوژمنایەتیو بوغزێك لەگەڵ کەسێکدا کردبێت.

**زنار: منداڵی تۆ چەندە لەگەڵ منداڵانی تر جیاواز بووە، دەتوانی لەسەر یادەوەری منداڵیتو دواتر بۆ قۆناغی گەنجێتیت، ئەو کاتەی لە کوردستان بووی باس بکەی، بەو پێیەی هەمووماان وادەزانین، یادەوریمان جیاوازە لەهەمووکەسو هیچ کەس وەك ئێمە پاڵەوانی ناو رووداوەکان نەبووە**

ئەنوەر رەشی عەولا: وەکو گوتم چ جای هاوشێوەبوون لەچوارچێوەی درشتە کولتوورێکدا، هەروەها ناکۆکیو لێکنەچوونێکی زۆریش هەیە کە کەسێتیەکان لەیەکتر جودا دەکاتەوە، ئەویش لەرووی پێکهاتەو سروشتیانو وردە رووداوەکان کە پێدەچێ هەر کەس خۆی شاهیدی یەکەمین بێت بەسەریەوە. هەندێك لەو ختوورەو خەیاڵاتو رووداوانە بەقەولی یۆنگ چونەتە (مەخزەنی ئەسرارەوە) کە نائاگاییە. هەندێکی تریشیان ئاگاییان پەی پێدەباو لەبارەیانەوە زیاتر دەتوانن بئاخفینو مانا و ئاماژەگەلێکی لێهەڵێنجینو بخوێنینەوە. من هەنووکە ناتوانم بچمە سەر وردوو درشتیان، لەبەر ئەوەی ژیاننامەم نانووسمەوە.. ئەوندە هەیە ئەوەی بۆتە ماکی ئێستاکەم، هەموو ئەو فیگەرە لێکچوو جیاوازو یەکتربڕانەی زیندەگیم، یەکێکیان پێکهێناوە کەپێی دەڵێن( من) منی کۆمەڵایەتی .. منی شیعری .. منی کوردی.. منی مرۆڤ.. منی شۆڕشگێڕ.. منی ئەفسوردە. منی عاشق منی بێخەیاڵ. منێك بەخەیاڵ دەستبازی سێکسیم لەگەڵ کچی فیلمی هیندیو کچی دراوسێمان کە بە منالی لە حەمامی گەرەك بینیبوومو نەموێرا بوو نەك توخنی بکەوم بەڵکە سەیرکردنیشی بەدزییەوە بوو. شەڕفرۆشتن بە کوڕی مامۆستاکە لە ئێمە سالارترو پاكو تەمیزترو زیرەکتربوو. کۆکردنەوەی رەسم رەسمێنەی فیلمی تەرزانو عەسابەو سوپەرمان...و تاد. کەچی لەملاوە لە هەرزەکاریمدا ئەفلاتونیانە شەش ساڵ عاشقی کێژۆڵەیەك بووم دوای پێنج ساڵ جورئەتم کرد بەهەناسە گیرانو لەش لەرزینەوە ماچی بکەم. لەتەمەنی هەقدەساڵیمەوە بەهۆی عوسمان شەیدای شاعیرەوە کە برا گەورەم بوو رۆحی شادبێت، کەوتمە ناو گەمەی سیاسەتەوەو هەر بە روحیەتە ئەفلاتونیەکەشەوە، ئاوێزانی رۆمانسیەتی شۆڕشگێڕانە بووم لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا. ئەو رۆژگارە بۆمن بوژانەوەیەك بوو لە کۆمەڵێ رووەوە، بەتایبەت خوێندنەوەو فزولیەتی تێگەیشتن لە شتەکان بەپێی ئەو ئامرازانە ئەوکات لەبەر دەستان بوون. بۆ دروستکردنی شوناسێك کە گەرمو گوڕیەکانی ئەو دەورانە پێیاندەبەخشێتو لەگەڵ وەهمگەلێك کە بۆ ئەو سەردەمە بە واقیعیم دەزانین دەستو پەنجەم نەرم دەکردوو وەکو کەسێکی چەپ بە تەعریفاتە شەرمنۆکەکانی خۆمەوە ١٩٨٥ چووم بۆ خەباتی شاخ. لەوێ کەوتم بەسەر کۆمەڵێ هەقیقەتی تردا کە لەگەڵ فەنتازیا سیاسیەکانی لە شارەوە فێری ببوومو لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتبوو، کەوتبوومە ناکۆکیەکی عەجیبەوە. بەڵام ئەمانە لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا بۆ من بەکەڵك بوون، ئەویش خوێندنەوەی بەردەوامم بوو. کە تۆوەکەی دەگەڕایەوە بۆ منالیم کە لە سایەی شەیدای برامدا بوو کە کتێبی دەخستە بەردەستم کۆڵێك شاگەشکە دەبووم کەنووسەرانو هونەرمەندانی ئەوکاتە لە تەلەفزیۆندا دەمبینین هاموشۆیان دەکردین لە پشووی هاویناندا دەیاننادرمە کن کتێبفرۆشێکی ناسیاومان کە ناوی (محمود خاکی )بوو یادی بەخێر. ئەو دەمانە رۆژنامەی برایەتیو بیری نوێ لە رۆژنامە باوەکان بوون، چ جای لە گەنجێتیمدا دەچوومە لای کاك ئەنوەر برزوو کتێبم لەگەڵدا رێکدەخستو دەفرۆشتو هەر بابەتێکیشم بە گرنگ بزانیبا کتێبم لەو بوارەدا لێدەخواست. بۆ یەکەمینجار ١٩٨٣ سێ پارچە شیعرم دایە دەست موحسینی شاسواری کە گۆڤارێکی لەشاخ دەردەکرد بە ناوی( نووسەری چیا) ئۆپۆزسیۆنێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لەدێی چالاوە پێشانی کاك شێرکۆ بێکەسی دابوو، ئەویش رەزامەندی بۆ دوانیان کردبوو کە بۆم بلاوبکرێنەوە، ئەمە جۆشو خرۆشو متمانەیەکی خۆشی لای من دروستکرد. ئەمە لەپاڵ خۆیدا ئەو پرکێشیەی پێبەخشیم کە هەندێ پەرەگرافی سادەو ساکاری واهیمەئامێزی لە رووی هونەریەوە کەم خوێنو هەژار لای خۆم رەشبکەمەوە. لە دواجاردا هەر ئەو واهیمانەش بوون.. گینگلیان پێدەدامو داوای رونکردنەوەی زیاتریان لێدەکردمو لە دواجاردا تێگەیشتم ئەمەیە قەدەری من!.

**زنار: چۆن بوو رێگەی هەندەرانت گرتەبەرو لە فینلاندا گیراسەیەوە ، ئایا وەکو هەمموو ئەو نووسەرو شاعیرانە بوو کە وڵاتیان بەجێهێشت یاخود، تۆ چۆن بو**

ولاّتت بەجێهێشت.

ئەنوەر رەشی عەولاّ: من جاری واهەیە بە قەولی ئۆشۆ(بازبدە.. ئەوجا بیری لێبەکەوە)چوونە دەرەوەم ئەو بازدانەبێ بەرنامەیە بووە. چوونکە چوونم بۆ دەرەوە مەراقێکی جددیم نەبوو.. گەرچی بەئازارەکان چەشەببووم، بەلاّم هەستم بە هەراسانیەکیش دەکرد، بەبێئەوەی ناوم بۆ لێبنرێت! دەبووم.. جا لە دێرەشیعرێکدا بێت، لەشارو گەڕەك‌و نیشتیمان نەمدەزانی..؟ ئەوەبوو خۆم ونکرد، بە هیمەتی هاوڕێی ئازیزم (بەهرۆز حەسەن)ی وەرگێڕ کە بەڕێوەبەری کتێبخانەی کوردی (پەرتوکە) لەمانگی حەوتی ١٩٩١ جولاّین بەرەو سوریا ئەو دەمەی لەوێ بووین، نامیلکەیەکی شیعریم بلاّوکردەوە کە بەخەتی هاوڕێم هونەر تۆفیق نوسرایەوە بەناوی( لە تابووتی دووریا).. دیارە پێش ئەو بەرهەمە سالّی ١٩٨٨کەلە ئێران بووم ئالاّی شۆڕش دوو بەرهەمی تریان بۆ چاپکردبووم بەناوی ( رێزی پرسیار بگرن)و(بروسکە)و نووسی (م. دەروێش عەولاّ) ئەو دەمەی لەناو شاریشدا بووم لە گۆڤارە نهێنیەکاندا بەناوی خوازراوی (ب.سۆلین)ەوە دەمنووسی.کۆچەکەشم بەرەو تاراوگە وەکو هەموو ئەو نووسەرو شاعیرانەبووە؟ ئەویشیان نازانم، ئەوە هەیە لەگەلّ هیوا قادری شاعیر هاوڕێی ئەو سەرهەلگرتنە بووین، هەم لە سوریاو لە روسیاش. دواتر ئەو کەوتە سوێدو من فینلاند. بەهرۆز حەسەنی وەگێڕو هونەر تۆفیقیش کە سەروکاری لەگەلّ بواری شیعردا هەبوون کەوتنە دانیمارك. ئەمەش نیشانەیەکە کە چوون بەرەو مەنفا هەمووی هەلّبژاردن نەبووە بە مانای خۆرێکخستن بۆ سەفەرێکی پۆشتەو پەرداخت.. هێندەی سەرهەلگرتنێك بووە کە هەموو وەخت سەرینی رۆشن نین بۆت.

زنار: فەزای نووسینی شیعر کەی بوو ئاوێزانی شعوری تۆ بوو، یاخود دەتەوێ لە رێگەی شیعرەوە بلّێی چی

ئەنوەر رەشی عەولاّ: کە پشویەك دەدەیت، خۆت لەبەردەم خۆتدا رادەگریت‌و دەخوازێ لە نهێنی روداوەکانت تێبگات. ئیدی ئەم سەفەرە ناوەختانەی کە لە ژیان هەن، دەرهاویشتەی ئەو منە تێکئالۆسکاوەیە، بە وردەمنەکان ناوی دەبەم.. کە هەرجارەی بەشێوەیەك دەردەکەوێتەوە. پێدەچێ تۆوێکی ئەو منە منالّی بێت. غارغارێن بە ئەسپی خەیالّ.. دەستکردن بە کونی یەقینەکانداو وروژاندنیان بۆ فراژبوون بەپێی حیکمەتی مار لە پایزەکانی دەرووندا کاژی کەلاّکانت دادەمالّیت. ئەوەی لەنێوان من‌و منالّیشدا دەمێنێتەوە، تەنها هەلّبژاردنەکانە! واتە رۆشنکردنەوەی ئەوەی چاوەڕێی رۆشنبوونەوەیە. بالاّرۆیی ئەوەی دەبێ بالاّ بکات لەوەرزی خۆیداو سووسەکردن بۆ رامکردنی لەحزەی ئەو وەرزە سرکانە. وەك یەك لێکردنی دەرەوەو ناوەوەم! چۆن فەنتازیا لاسارو نەسرەوتەکانی منالّی، ئاوێتە بەخەونەکانی هەراشبوون دەبن. چۆن بە مالّئاوایی خراپەو خولیاکانی منالّی پێشوازی لە خورپەو خولیاکانی گەورەییەك بکەم کە ئالّودەی لۆژیك‌و ئەقلاّنیەت‌و ئایدۆلۆژیاو ئەمرو نەهیەکانی ترەو بەیەکتر ئاشنایان بکەمەوە. چۆن دیمەنی کۆمیدی‌و پێکەنین هێنەرەکانی منالّی.. دلّی تراژیدیاو گرژی‌و مۆنیەکانی گەورەیی بداتەوە، کە ئێستا گەورەبوون، زۆر جارو لە رادەبەدەر بەخۆی نامۆ دەبێ‌و هەلّوەدای سیحرو موعجیزەیەکی منالّیە رزگاری بکات‌و دەست بداتەوە بالّی شکستەکانی هیدایەتی بکات بۆ تێهەلّچونەوە. بەلّێ.. ئەو ساتەوەختەی کە شعووردەکەیت مانەوە لە نیشتیمان هەرەسهێنانێك دەبێ لەناوەوەو حیکایەتە گەورەکان وەلاّم بە ماخۆلیاکانت نادەنەوەو تۆ رووبەڕووی کۆمەلّێ پرسیارو گومان دەبیتەوەو نەغمەیەکی تر لەهەناوت دەبیستی کە بۆنی تەنیاییەکانی خۆتی لێدێت‌و هەرخۆشت شاهێدێکی راستەقینەی ئەو حالّەتەیت. ئیدی نەعلەتێکەو نابینای بگریت دەتکوژێ‌و دلّت بەهیچ شتێك خۆش نابێت‌و بەرەو پوکانەوەو نەزۆکی رووحیت دەبات. ئیدی دلّت لەتالّی موو باریکتردەبێ‌و بەرگەی هیچ ناپاکیەکی تر ناگریت‌و دەترسێی تۆش بکەویتە ئەو گومانەوە کە هی دونیای تۆنین، هیواکانت ئیفلیج و رۆحی سەوزت بەرەو وشکبوونەوە دەبەن. خۆت لەوە بێهێزتر دەبینی کە ئیتر بە موعجیزەی شۆڕشگێڕانە دنیا بگۆڕێت. ئەمجارە وەکو دۆڕاوێك.. بریندارێك.. بە ویژدانێك.. شاعیرێك.. نازانم چ ناوێك بنێم، دەبێ لەو گەرەلاوژەیەدا کە زۆر بە دروشمبازییەکان‌و بەلّێن‌و مژدەکانی سەرمەستن‌و نازانن چی لەژێر پێستی کۆمەلّگادا دێت‌و دەچێت. هێمنتر، بێخەیالّ لەهەر ناوو ناتۆرەیەکی فەرهەنگی پواوی سیاسەتبازەکان، لەسەر هەلپەکردنەکانی گەنجێتی، رابوەستیتەوەو بوارێك بدەیت بەخۆت کە چی گوزەراوە.. بۆ ئاوها گوزەراو بەشێوەیەکی تر نەبوو. ئایا دەبوو ئەو کارانەم بکردایە کەکردم.. چەندێکی پەیوەندی بە ئیرادەی پڕ شکۆمەندانەی خۆمەوە هەبوو.. من لە خشتەبرابووم‌و دوای کلاّوی بابردوو کەوتبووم یان لێپرسراویەتێکی ویژدانی‌و ئەخلاقی بووو دەبوو ئیلتزامم پێوە هەبوایە. ئەمانە چەندێك لەجیهانە تایبەتیەکەی خۆم دەریکێشام یان کۆمەکی پێکردم. ئەم هەلّوەدا بوونانە چ گۆڕانکاریەکی بە فەڕیان بەسەرمندا هێناو ئەو بەهایەیان چی بوون کە لە بزاوتە نەتەوەییەکەدا وندەبوون‌و نەدەبینران.. خۆ بوون وەکو نەتەوەو خۆ بوون وەکو فەرد، لەکوێدا بەیەکتری دەگەن‌و لەکوێدا جودادەبنەوە؟ بەلّێ.. ئەم دلّەراوکێ فیکری‌و وجودییانە خستمیانە جولّە بەرەو میتۆدگەلێك کە گفتوگۆی سیستماتیکانەتر لەگەلّ خۆم دابەزێنم، چوونکە من بەهەر هاژەو هوژێکەوە شاعیرانە لەدنیام دەڕوانی.. بەو ئەزموونکردنانەش، خەیالّ‌و زمانی شیعرییانەم پاراوترو خاراوتر بەکۆمەلّێ رەهەندی تر بارگاوی ببوون‌و بە متمانەیەکی زۆرترەوە لەسەر پێی خۆم دەوەستام. هەستم دەکرد بەئازادبوونم شیعریشم روخسارێکی تر وەردەگرێت.. کە لەنەریت‌و رەمەکیەتی خۆیەوە خۆی شێوەباز دەکرد. ئەم دەرککردنەش تێکستە شیعریەکان پێتدەلّێن. نەك پێشوەختە بە ( دەزگای فیکری) بریارت دابێت چی بنووسیت‌و چۆن بنووسیت‌و بۆ کێ بنوسیت ! زۆر سادە شیعر بەسەر فرازییەك کەلەبونیادیدایە هەیە، ملکەچی ئەو جەبرانە نابێت، کەلەدەرەوەی خۆیدایە، بەلّکو تەنها گوێڕایەلّی بلّندبوونەوەیەکە کە لەناوەوەیدا ئازادیەکەی هەلّدەچنێت‌و بەس! ئەم مۆتیڤانەش کە شاعیر پێویستی پێیەتی بۆ بەرقەرارکردنی (دینامیکیەتی فەنتازیای بیرکردنەوەو بیرکردنەوەی فەنتازیاکانی) کە میکانزیزمێکن بەها ئیستاتیکیەکانی خۆی پێدەخولقێنێ. راستەوخۆ دەستیان هەبوو کە لە سۆراغی جێگایەکدا بم بۆ چاککردن‌و تەواوکردن‌و سەرپێخستن‌و بەردەوامی ئەم وەسوەسە رەنگاورەنگانەی خۆم. دەستە یەزدانیەکانی شیعر رادەمووسم(کە لەهەولی ناسین‌و تەواوکردنی کەم‌و کوڕیە کەنیونیەکانمدا لە نیگەرانیەکانم نەپرینگایەوەو بە میهرەبانیەکانی ناچاری کردم مانای ترو دەنگ‌و رەنگ‌و بۆی جادوویەکی تر بەژیان ببەخشم‌و بدۆزمەوە، هەستکردن بە نامۆییەکانم تیا برەوێنیتەوەو بەرەو پەیربردن بە نهێنیەکانی بوونم بەرێت‌و بلّێت: ها.. جوانی لەم سەفەرە پڕ ریسکانەدایە کە تەنیا دەیکەیت، جا بۆ ئەوەی نەمریت، هەمیشە موسافیربە!).

زنار: لەدنیای شیعری تۆدا نەغمەیەك هەستپێدەکەین، هاوارێکی وجودیانەی خۆتە لە بەرامبەر دنیا، دنیایەك کە بە پێخواستی خۆمان لە باوەشیا هاویشت.

ئەنوەر رەشی عولاّ: ژیان.. بە تەپو

تۆزو قوڕو لیتەی ئەو گومانانەی کە لە کۆلانەکانی بوونەوە بەپێلاوەکانیەوە دەیهێنێ بۆ سەر رایەخی رۆحمان، هەر خانە خوێیەکی رەزا سووك‌و خوێن شیرینە، بۆ ئێمەی مرۆڤ.. ئێمەی کرێچی! خوادەکات تا ئەوکاتەی مردن بەهاوارێك خواست‌و خەیاڵێکی بزێوم دەردەکاتە دەرەوە لەماڵی خۆی.. ژیان بەخانەدانی خۆیەوە لەسەر جێگەیەکی کە لەوانەیە ( دڵۆپە ئاوی بارانێکی بێ.. یان بزەی کیژۆڵەیەك بێ لە کاتی تەنیایی مەنفادا، یا ژێربالی پەپولەیەکی شڕشێت، کە بێخەتا خۆی لەگڕی عەشقێك ئالاندووە) دالدەی خەونە هەتیوەکانم دەدات. پێت دەڵێم: گەورەم سوپاس.. بۆ ئەو هەموو ئەڵماسی دڵۆپانە کە لە گەنجینەی هەورە کریستالێەکانتەوە بەسەر منی گەدادا رژاندت. سوپاس.. دەمناسێنیت بە سیحری بزەی ئەو کیژۆڵەیەی، تەنیاییم دەمێکە لە چاوەڕوانیدایە بۆی. سوپاس.. بۆ نیشاندانی ئەو هەموو نامەو وێنە نەبینراوانەی لەژێر باڵی پەپوولەیەکی عاشقدا بوون‌و نەدەبینران. سوپاس ئەی ژیانی زمانزاڵ کە بە شەهامەتێکەوە پێمدەڵێیتەوە، شیعریش: تەنێ گوزارشتێکە لە بیرکردنەوەیەکی من.. کە دەربارەی خۆم دەیدەم! هاوڕێم.. منداڵێتیەکەی ژیان، هەرزەکاریەکەی ژیان.. پیرییەکەی ژیانم جوانە، چونکە هەموو ساتێکی موعەممای تیا دەزێ. موعەمما.. یەعنی رەشنووسی سەفەرێکی تر، ئاوڕدانەوەیەکی تر، بینینێکی تر، پرسیارو گومان‌و تورەبوون‌و پێکەنین‌و گریانێکی تر!.

زنار: تاچەند تۆ قەلەقی، ئایا تۆ پیاوێکی قەلەق نی لە ژیان‌و بیرکردنەوەو تێرامانەکانت، قەلەقی بە مانا مەعریفیەکەی، ئایا تاچەند توانیوتە ئەم قەلەقیە ئەبستمۆلۆژیە، لە چوارچێوەی شیعردا پێناسە بکەیت.

ئەنوەر رەشی عەولا: مادام مرۆڤ دڵی بۆجیلوەی جوانییەك لێدەدات کە هەست دەکات لەژێر پێستی عەدەمدا دێت‌و چاوەڕێی دەستی بیرکردنەوەیەکە بیگاتێ. گوێی شیعرێکە بیبیستێ. گومانێکە بۆنی بکات. ژیانێکە تامی بکات. تێرامانێکە بیبینێ، ناتوانێ قەلەق نەبێت. ئەوەی هێڵێك لەنێوان شیعرو ژانرەکانی ترو دونیای فیکریشدا دەکێشێت، پێموایە.. قەلەقی زمانبێت لە بەرامبەر ماناکانی خۆیدا. واتا یاخیبوون لە بەرامبەر بە مانا بەدامەزراوبووەکاندا. ئەوەی ئەم شەڕەش بەڕێوەدەبات شاعیرانن. ئەوەتا کۆمەکی عارفەکان دەکەن هەتا لەپەرت‌و بلاوی وێنەکانی خودا دڕدۆنگ دەبن! شێوازەکانی وردبوونەوەو رونبوونەوە دەنێتە پێشدەمی تویکاریەکانی زانایان، هەتا تێبگەن: وەهم‌و هەقیقەت.. ئەقڵ‌و دڵی جەستەیەکن، وەلێ ناشتوانن، ئەم راستیە سەرابیە، بۆ خۆشیان بسەلمێنن. بە فەرمانڕەواکان دەبێژن: سواری ئەسپەشێ لە خۆباییبوونەکانی خۆشتان بن. هێشتا ئەندێشەتان ناگاتە پەیامگەلی - با- یەکی بێخەیاڵ، کە بە هەموو لایەکدا رادەکات‌و رادەگات‌و لە پەسا تازەیشی لێدەچۆڕێ. وەکو گومانکارێکیش، پێش هەرکەس دەکەوێتە وێزەی زمانی خۆی‌و بەڵگە نەویستەکانی لێدەستێنێ‌و بێبڕانەوە لە سیفاتی سرکی بەها راچەنیوەکانی تیادەچێنێ. رەنگ‌و ریشەی زمان دەهێنێتەوە سەرخوانی بێدەربەستی شیعرو پێیاندەبێژێت: تا ئەو حەلە، گوێڕایەڵی خۆتان بن.. کە لێوڕێژ دەبن لە ماجەرا جیوەیی‌و لە بێدەربەستی قەناعەتەکانی ژیان! ئەگەر شیعر رەنگڕێژبێت، بە نموونەیەکی باڵا، کە هەڵگری، کە هەڵگری : سیفاتی.. سروشتی.. ئیرادەی.. ئەندێشەی.. بنەماکانی.. سەربەخۆیی ژیانبێت. ئیدی چێکردنی ئەو ماڵە بە دەستی قەلەقیە ئیستاتیکیەکانی شاعیر لەگەڵ خۆیدان مافی خۆیەتی. لێرەوەیە.. شیعر دوورە لە نەخشەو نیگارەکانی ئەبستمۆلۆژیاوە، کاری بە پرسیاری قوتابخانە مەعریفی‌و فەلسەفی‌و ئایینیەکانەوە نییەو بە کێشەی راستەقینەی خۆی نازانێ‌و گوێڕایەڵ‌و فەرمانبەرو جەنگاوەری ئەو بوارانە نییە!. هەستان بەوکارەش دژ بە سروشتی شیعرەو زیان بەکەسێتی‌و ماهیەتی شاعیر دەگەیەنێت‌و دەیشێوێنێ. شاعیریش پروپاگەندەیەکی نییە، بەڵکو لەوڕێگەی سەربەستی‌و سەربەخۆیی ئەدەبەوە، بۆ گوزارشت‌و سەرفرازیی بیرکردنەوەکانی خۆی دەگەڕێت‌و لەوێدا هەڵیدەگرێتەوە. لەزمانی ئایریس مێردۆ کەوە( بانەکەوینە هەمان ئەو غەڵەتەوە کە کۆمۆنیستەکان دەیانکردو تەنها رۆڵی دیاریکراوی هونەریان لەوەدا دەبینی، کە ناچاری بکەن ببێتە ئامرازی شۆڕشی کۆمەڵایەتی) یان ناسیۆنالزم‌و ئیگزیستێنیالیزم...تاد شیعر.. دەشێ ئامانجی گەیشتن بێت بە تخوب‌و تەکامولکردنی جوانیە رەمەکیەکانی خۆی نەك کۆمەڵگا. کە ئەمەی پەیپێبردوو لەدەستهات، ئەوجا بۆنی قولاییە ئیستاتیکیەکانی خۆی‌و ژیان‌و هەقیقەتی



**کە چووم بۆ خەباتی شاخ. لەوێ کەوتم بەسەر کۆمەڵێ هەقیقەتی تردا کە لەگەڵ فەنتازیا سیاسیەکانی لە شارەوە فێری ببوومو لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتبوو، کەوتبوومە ناکۆکیەکی عەجیبەوە**



لێدێتو هەر ئەمەشە لێپرسراوییەتی ئەدەب. کەدەڵێین شیعر خەریکی خۆپەسندییە درەوشاوەکانی دونیای خۆیەتی، بەو مانایە نایەت، بەهای هیچ یەکێك لەو بوارانە لەگەڵ یەکتری بەکەمو زیاد بزانێت. ئەوەی هەیە شیعر بە شەهوەتو هەستەکانی خۆیەوە پەیوەستەو بە ئەقڵو دڵی خۆی هەڵدەبژێرێتو لە رەهەندێکی ترەوە کە بۆ ریسکە ئیستاتیکیەکانی پەسندە، ئەو ژانرانە لە ناوەندی ماناکی خۆی هەڵدەکەنێو دەپەرێتەوەو لەمەودایەکی تردا تێکەڵ بە پراکتیکی دونیاو یاسا ناوەکیەکانی خۆی دەکاتەوەو توێکڵی بەرائەتیان لێدادەماڵێو لەناو وزەی جیهانبینیو بەرتاوی هێماکانی خۆیدا دیانبوژێنێتەوە.

گەر ئاورێکی کورت بدەینەوە.. ئەو کاریگەریەش بە دیووە پێچەوانەکەشی دەبینینەوە. بڕوانە.. گرێی ئۆدیب سەربەتێکستێکی ئەدەبی بووە، کەچی ئەمێستاکە بووەتە چەمکێکی سایکۆلۆژی، ئەمەش پێماندەڵێت، پێدانەوەو وەرگرتنی ئەو مافەش بۆ شیعریش هەر رەوایە. بەتایبەت بۆ بەدواداچوونو دۆزینەوەی ئەو پانتاییە بزربوو نەناسراوانەی دەستیان لە بڵندبوونی بونیادی ئەودا هەیەو فرسەتی هەڵکۆڵینی وەهمو گومانەکانی کارسازترو خاراوتر دەکەن. بۆی هەیە بۆنی بەرامەی گوڵستانی فەلسەفەیەك بکات، کە پڕن لە گوڵی سەیرو سەمەرە. یان پەنجە لە پێستی مەعریفەیەکەوە بدات کە پێیوایە پڕە لە تەری ژیان. گوێی لەتەپەی دڵی ئیمان بگرێت کە بەدیار یەقینو سیحری جوانیەکەوە داسەکناوەو سەری نەشئەو روحی مەستە پێی.

ئەمانە کەرەسەگەلێکن سەر کێشیەکانی فیکری زمانو خەیاڵی زمان، بۆ چاککردنو نوێکردنەوەی ئاکارە شیعریەکانی خۆی دەستیان بۆ دەباتو پێویستی بە یۆتۆپیاکانە.

وەك چۆن شیعر بارگاوییە بەخەیاڵو فەنتازیا، بارگاویشە بە فیکرو فەلسەفەو فیگەرەکانی تری ژیانو بوون. بەڵام هەمووئەو رەگەزانە لە شیعردا بەهایەکیتر وەردەگرنەوە، کە بەهای شیعرینو بەس! بۆ نموونە دەکارین بێژین" لە مەعریفەیەکی ئەقڵیەوە دەیانگۆڕێتە مەعریفەیەکی زەوقی - ئەدۆنیس-" روونتر کەدەبینین تێکستێکی شیعری بەلای وەسوەسەکانی بونخوازیدا دەچێت، ناکرێ وەها زەن بکەین، دەخوازێ قسەی هایدگەرو کیرکگاردو سارتەر دووبارە بکاتەوە، نا! یان خۆی لە جەدەلەکانی شۆبنهاوەرو نیچەو هیگڵو کانت هەڵدەقورتێنێت، بە گیانە جادووییەکەی شیعر .. ئەمیشیان نییە!. زۆر سادە لەبەر ئەوەی شیعریش وەك هەر بوونەوەرێکی تری هەبوون.. بوونی خۆی دەژی. لەگەڵ تەنگەژەو ئازادیە دەروونیو وجودیەکانی خۆیدا، قسەی هەیە بۆ گوتن، کە لە قسەی کەسو هیچ بوارێك ناچێ.بەڵام پێدەچێ لە بەدواداچوونەکانیدا نزیکایەتیشی لەگەڵ ئەم میتۆدو قوتابخانە فیکریانەدا بۆ دروست بووبێتو بەریەککەوتن روویدات، بێئەوەی لەبەرنامەیدا بووبێت ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵکو خود بەخود لەسەفەرە خۆرسکەکانیدا.. ئەوانیش دەبنە بەشێك لە تێشووەکەی. کورتو پوخت، پێدەچێ جیاوازیەکە لەوەدا نەبینین.. ئەبستمۆلۆژیا: بەرەو دڵنیاییو وێنەکانو چوارچێوەی زانینو پێناسەی هەقیقەت دەچێتو بەرەو بونیادنانی ماناکانی بەرەوروەوە. کەچی هەیقەتی شیعر.. نادڵنیاییو ناپەسندیو نەزانینی دوا فۆرمێکە، ئەگەر بمانەوێ بە تۆبزی پێوەدانگی لۆژیکو زانستێك بالای ئاماژەکانی ژیانو مردنو تەنیاییو بوونی دابڕین، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ماناکانیدایە. ئەبستمۆلۆژیا: لەرووی فسیۆلۆژیەوە، ئەو چالاکیانەیە کە وزەو لای چەپی دەماغەوە وەردەگرێت، بۆ سەلماندنی بەلگەو لۆژیکی ئارگیۆمێنتەکانی. کەچی شیعر روانینە فەنتازیاکانی، سەر بە چالاکیەکانی راستی دەماغەوەیە بەو دەستەواژەیەی. ئەبستمۆلۆژیا" فەرزەندی لۆگۆسەو شیعر فەرزەندی میتۆس! گەرچی لای ئەفلاتون، کە بە دڵڕەقترین فەیلەسوف دادەنرێ دەرهەق بە هونەر بەتایبەتی شیعر، بڕوای وابووە( هونەر نزمو لاوەکیە..و مەعریفەش ئەقاڵیو گشتیە). کەچی لەلای شۆبنهاوەر(هونەر بەدوای ئایدیاکاندا دەگەڕێتو دەیانگوێزێتەوە، ئایدیاکانیش بەکۆمەڵێ فۆرمی مەعقول دەزانێت، کە هەندێکیان لە سروشتدا دێنە دیو لەبەرگی راستیدا بەرجەستە دەبن. هونەرمەندیش لە رێگەی هێزی خەیاڵەوە، دەریان دەهێنێ. چونکە هونەر تائەوپەڕی سوود لە هێزە ئەقڵیو ئاکاریەکان دەبینێو هونەر دەبێتە تەقەللایەك بۆ زاڵبوونو بەسەر دەروونو بینینی جیهاندا". خەیاڵی شاعیر لەو نێوەدا، بەبڕاوتی ئەو هەنگە دەچێت کە لە هەلاڵەی هەموو گوڵە جوداکان، هەنگوینی خودی خۆی ئافەریدە دەکات. ئیدی ئالێرەدا ئەو هەنگوینە، تەنها لە روحی یەك گوڵ نییەو بەڵکو ئاوێتەو کارلێکێکی ئالۆزی روحی هەموو گوڵەکانو هەنگەکەشە.

# تەفسیر...!

## هەندرێن شێخ راغب

زاکیرەی مرۆڤی ئێمە، زاکیرەیەکی شمولیە. تەفسیری عەقلانی خاوەن میتۆد لەفکری مرۆڤی ئێمەدا هیچ پسپۆریەکی جیاکراوەی تایبەتمەندی نیە، کە بەداخەوە ئەم جۆرە پەتایە لەزاکیرەی رۆشنبیرو نوسەرو خوێندەواری ئێمەدا تا ئەم چرکە ساتەش بەقوڵی کاری خۆی دەکات. بیرکردنەوەو بڕیاری شمولی دەرەنجامی سیستمە تاکرەوی یەك رەنگو یەك دەنگە. سیستەمی دیکتاتۆری هەوڵ دەدات کۆی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەخۆیدا بەرجەستە بکاتو هەموو رێگاکان بچنەوە (بانە)کەی ئەو. واتە وەکو چەندجاریش گوێبیست بووینە دیکتاتۆریەت کارلەسەر کوشتنی جیاوازی دەکات. کۆمەڵگە بەتاڵ دەکاتەوە لەو جیاوازیانەی تەفسیری جیاواز جیاواز بۆ ژیانو داهێنانو فکر بەرهەم دەهێنن. بەداخەوە زاکیرەی ئێمەش تا ئێستاش لە بونیادی عەقڵو بیرکردنەوەیدا تەفسیری شمولی زاڵەو زۆر کەم هەزمی جیاوازیو ئەوی دی دەکات.. کە پێم وایە دوو سیستەم بەرهەمهێنەری فکری شمولین، یەکەم: سیستەمی دیکتاتۆریو تاك حزبی یان یەك جۆر دەسەڵاتی سیاسی. رەنگ بێ لە زاکیرەی زۆربەماندا ئەو وتەیەی سەدام حسێن زیندوو بێ کە دەڵێ : " ئەوەی سەدام گوتی، عێراق گوتی". دووەم: سیستمە دینیە تەوحیدیەکان بەتایبەت ئەو دینانەی کە پەیامی ئاسمانیان هەیەو لەدەرەوەی تەفسیری خۆیان بۆ مرۆڤو ژیانو زەویو سیستەمی سیاسی، تەفسیرێکی دی بۆ عەقڵو ئازادی تاكو دنیابینی دیکە بەرەوا نازانن‌و هەمیشە دنیا وەك خەونێکی کاتیو پووچ بۆ کۆمەڵگاو تاك وێنا دەکەن. تۆ تەماشاکە تەفسیری ژیان لەناو سیستەمە دیکتاتۆریەکانو ئایدۆلۆژیاو پەیامە رۆحیەکانی خاوەن روئیای تاکخودایی، هەمیشە شمولیو یەك رەنگو خاوەن کۆمەڵێك بەهای رەهای نەگۆڕە کە بۆ تۆی مرۆڤ وەکو تاکەکەسێك زۆربەیان هێڵی سورن.. بە بەزاندنیشیان توشی مەترسی گەورە دەبیتەوە. کورد لەبەرئەوەی دنیای جیاواز بە ئەتنیو فکرو ئایدۆلۆژیاو ئاینە جیاوازەکانی تاقی نەکردۆتەوەو هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتو تاکرەویدا بووە، بۆیە ژیان بەدیدی ئێمە شمولیە...چۆن؟ ئەگەر لە بابەتەکەدا سادە بینەوە، پێم وایە ئاسان دەتوانین لەم بۆچونانەی سەرەوە تێبگەین، ئەویش بۆ نمونە: لەزاکیرەی دینی ئێمە هەموو دینەکانی دی شیاوی شەنو کەوی وردن، کە رەخنەیان لێ بگری یان بڵێین سەردەمی ئێستا لەگەڵ روئیای بەشێك لەم دینانە شیاوی پێناسە کردنەوەیە.بەلام کاتێك ئەم تەفسیرە بگوازینەوە بۆ دینی خۆمان رووبەرووی کارەساتێکی مەترسیدار دەبینەوەو لەوانەیە تۆمەتی کوفرو لادەرو دەیان جۆر لەم باسانەت بۆ هەڵبەستریّ، بۆیە دەبینین لەزاکیرەی موسوڵمانێکی کورددا جگە لە ئیسلام کۆی سیستەمە دیموکراسیو عەلمانیو رۆشنگەریو مۆدێرنە....هتد، دەستکردنو دنیاینو پووچن ئیدی ئێمە نابێت سود لەم جۆرە بیروباوەرانە وەربگرین، ئەم تەفسیرە هێندە قووڵ بۆتەوە کە تائێستاش بەچاوی کافر لە کۆمۆنیستوشیوعیەکان دەڕوانین. بەهەمان شێوە لاوە کۆمۆنیستو مارکسیستەکان (بەتایبەت هەشتاکان)بەتەفسیری ئەوان ئاینی ئێمە کۆنەپەرستە، ئەوان لەدەرەوەی تەفسیری چەپو کۆمۆنیزمی خۆیان تەواوی سیستەمی سەرمایەداریو ئیسلامو پێکهاتە خێزانیو کۆمەلایەتیەکانی دروست بووی ناو ئەم سیستەمانە رەد دەکردەوە. بۆیە لەم بارەیەوە برینی خوێناویش لەجەستەی ئەم کۆمەڵگایە هەن.

تەفسیری شمولی دەرەنجامی ئایدۆلۆژیا تاك رەهەندو تاك جەمسەرەکانە، ئەو کاتەی تۆ هەموو بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیاو سیستەمی رۆشنبیریو کۆمەلایەتیو ئابوریت رەدکردەوە، مانای وایە لەخۆت بەو لاوە هەموو شتەکان کەمو کورتن. تەفسیری شمولی فێری ئەوەمان دەکات خۆمان بەردەوام بەراست بزانینو حەق بۆ خۆمان قۆرغ بکەینو بەرنامەی خۆمان لەهەموو بەرنامەیەکی دی باشترو بێ عەیبتر دابنێین، تۆ چەندە پێت وا بێ بێ عەیبیت، ئەوا لەبیرت چووە ئەوەندە عەیبەت هەیە کە پێت وایە نیتە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەفسیری شمولی بۆ ئاستی میوە خواردنو بچووکترین جوڵەی رۆژانەمان دابەزیوە بۆ نمونە: گوێم لەهەندێ کەس بووە گوتویەتی:" حەزم لە میوە نیە" ئیدی پێی نەگوتین:کام جۆر لەمیوە (هەنار...سێو..پرتەقاڵ..مۆز...هتد) " لەوانەیە هەبێ هەر میوە نەخوات، بەلام ئەمە دیاردە نیە" یان تاکی ئێمە کاتێك دەیەوێت بڕیار لەسەر شتێك بدات، بەیەك جۆر تەفسیری بۆ دەکات بۆنمونە دەڵێ خەڵکی رانیە هەمووی باشن، یان هەمووی خراپن، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێ چۆن زانی هەزاران هاوڵاتی ئەم شارە باشن، چ جۆرە باشیەك؟ یان خراپنو چ جۆرە خراپیەك؟ یان هاوڵاتی هەیە رۆژانە دەڵێ : حزبەکان هەموویان خراپن، ئیدی بەتەفسیری ئەو، هەموو حزبە کوردیەکان خراپن، لەبەر ئەوەی خۆی ئەندامی حزبێك بووە، بەلام لەو حزبە تورە بووەو وازی هێناوە، بەبێ ئەوەی رۆژێك لەرۆژان حزبەکانی دیکە بینیبێتو بۆیەك رۆژیش سەردانی بارەگایەکی کردبێت، کەچی بەلای ئەو حزبەکان خراپن. گریمان حزبەکان هەموویان خراپ بوون، بەلام ئایا جۆری خراپەکەیان جیاوازی نیە بەپێی ئەو جیاوازیەی لە فکرو هەڵسوکەوتی ئەو حزبانەدا هەیە. تەنانەت تەفسیری شمولی بۆ هاوڕێیەتیو گەڕەكو خێزانو رۆژنامەکانو حکومەت بەگشتیو بۆ هاوڕێیەتیو گەڕەكو خێزانو رۆژنامەکانو حکومەت بەگشتیو کۆی سیستەمە جیاوازەکانی ژیان رەگی لە زاکیرەی ئێمەدا داکوتیووە. بۆیە تاوەکو تەفسیری ئێمە بۆ کۆمەڵگا شمولی بێ، ناکرێ بیر لەوە بکەینەوە دیموکراسی بۆتە پێداویستیو کولتوری کۆمەڵایەتی. تاوەکو تەفسیرو روئیامان بۆ ئەوی بەرامبەر بەشێوەیەکی شمولی بێت، ئەوا شتێکمان نیە ناوی دیموکراسیەکی زیندوو بێ. دیموکراسی لەوێوە دەست پێدەکات کە جیاوازیەکان دەست پێدەکەن. کە داهێنانو ئایدۆلۆژیاو فکرو بیرکردنەوەو گروپی جیاواز جیاواز لەکۆمەڵگەدا هەبنو ژیان بکەنو نەترسن لەدەربڕینو رای سەربەخۆیان لەسەر سیستەمی سیاسیو دەسەلات لەکۆمەڵگادا. دیموکراسی مانای تەفسیری جیاواز جیاوازو وێك نەچووە لەناو یەك کۆمەڵگادا. دەشێ تەفسیری من بۆ پەیوەندیە کۆمەلاتیەکان بەجۆرێك بێ، هی تۆ بەجۆرێکی دیکە. دەشێ تێگەیشتنی تۆ بۆ مافی ژن جۆرێك بێو هی من بەجۆرێکی دی. تۆ ئەندامی پارتێکی نەتەوەییو من ئەندامی پارتێکی دینیو هەشبێ بێ لایەن. ئەوکاتە دەتوانین پێکەوە بژین خاڵی بینەوە لە عەقڵیەتی رەتکردنەوەی بەرامبەرو تەفسیری شمولی. لەکوێدا تەفسیری شمولی هەبوو مانای وایە توندوتیژی هەیە، توندوتیژیو شەڕکردن لەگەل یەکتر لەو تەفسیرە شمولیە سەرچاوە دەگرێ کە نەمن بڕوام بەتێگەیشتنی تۆیە بۆ ژیانو بەرنامەکانت، نەتۆش بڕوات بەمنە. کەواتە توندوتیژیو ئەو رقەبەرایەتیەی کە لەخێزانەوە تاوەکو دەسەڵاتی باڵای سیاسی وولات لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە تەفسیرێکی شمولیە. ناکرێت هەموو شتەکانی تۆ جوان بێت مادام مرۆڤی کەواتە هەڵەش دەکەی، منیش هەموو شتەکانم جوان نیە چونکە دواجار منیش مرۆڤم. تەفسیر کردنی شمولی تۆتالیتاریەت بەرهەم دێنێتو ئیدی جوگرافیایەك نامێنێتەوە بۆ ئازادی بیرکردنەوەی جودا.

وەلێ بەداخەوە تا ئەم چرکەساتەش دنیایەك تەفسیری شمولی دەوری عەقڵو بیرکردنەوەمانی داوە، ئەمەش وا دەکات ناکۆکیەکانمان بەرێگایەکی توندوتیژو ناشیرین یەکلایی بکەینەوە، وامان لێ دەکات زەحمەت بێ ژیان لەپەنجەرەیەکی دیکەوە ببینین. بۆیە بۆ ئەوەی عەقڵی دیکتاتۆریو ئەو جۆرە شمولیەتە لەژیانمان خاڵی بکەینەوە، دەبێ لەبچووکترین پەیوەندی رۆژانەمانەوە تاوەکو دەگەینە لوتکەی هەڵوێستو قسەکانمان واز لەوە بێنین هەر خۆمان خاوەن تەفسیرێکی راستەقینەی ژیانینو ئەوی بەرامبەر مانایەکی نیە.( لەکۆمەڵگەی سونەتیو خێڵ ئەوکاتەی تاك تەمسیلی خۆی ناکاتو بۆخۆی ناژی جۆرێکی دیکەی شمولیەتە، بەلام ئەمەیان بۆ قسەکردنێکی دیکە هەڵدەگرین). دیموکراسی واتە کۆکردنەوەی هەموو تەفسیرە جودا جوداکانە لەدەستورو سیستەمێکی کراوەدا لەکۆمەڵگە.دەخوازم لە بری رەنگ کردنی هەموو شتەکان بە رەنگی خۆمان، دنیایەکی رەنگاورەنگمان هەبێ.

# گۆنا سەعید:

# هەر ژنێك كە دەسوتێ لەكەیەكی شەرم هێنەر جێدێڵێ بەناوچەوانی سیستەمی دڕندەی پیاوسالاریەوە

**گۆنا سەعید، نوسەرو هەڵسوری بوارەكانی كاركردن لەسەر ئافرەتو كارمەندی سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرگریكردن لەمافەكانی ژنان. بەپێوەیستمان زانی ڕوانگەو تێگەیشتنی لەهەمبەر پرسو بابەتگەلە پەیوەندیدارەكانی پەوەیوەست بەئافرەتانەوە بۆخوێنەران بخەینە ڕوو..**

**گفتوگۆی: ڕۆڤار نورەدینی**

**زنار:** منداڵی، گەورەبوون، ژیان، بیرو ماناكانی جوانیو حەقیقەت، لای گۆنا سەعید، چۆن باڵایانكردو چیدەگەیەنن، چییان لەڕابردووی گۆڕیوە، باڵەگەشتێكی خێراو هەمەڕەنگی ئەم جیهانە تایبەتیەوە دەست پێبكەین..

**گۆنا سەعید:** سەرەتا سوپاستان دەكەم بۆ ئەم چاوپێكەوتنە، من لەساڵی حەفتاكان تەمەنی منداڵیم بەسەر بردووە، هەشتاكان تەمەنی هەرزەكاریو گەورەبوونو كرانەوەی بیرو هۆشم بووە بە رووی دنیاو كۆمەڵگای كوردستاندا. لە تەمەنی ١٣ ساڵیەوە دەستم بە خوێندنەوەی كتێبو گۆڤاری جۆراوجۆر كردوەو ماوەیەكی زۆری برد تا بیرو رای خۆم ساغ كردەوەو ڕێگەی خۆم دۆزیەوە.

**زنار:** زۆرێك لەسەر ئەوەكۆكن سەفەر، مرۆڤ فێر دەكات، ئایا تۆ موسافیرێكی باشیت، ئەگەر وایە ئێمە پێویستیمان بەڕێپیشاندەر بەمانا بابەتیەكەی هەیە، ئاخۆ ئەو ڕێنوماییو وەسائیلانە چین ئافرەتی كورد لەكونی ماڵو ژورەكانەوە دەهێنێتەدەر..

**گۆنا** : ڕێنوماییو وەسیلەی هاتنە دەری ژن لەماڵ كاركردنەو پشت بە خۆ بەستنە وەك ئینسانێكی كامڵو ئازاد، هاتنە دەرەوەیە لە چوارچێوەی دەسەلاتی پیاو بەسەر داهاتی خێزانو موڵكایەتی كردنی بۆ هەموو شتێك، لەكۆمەڵگایەكی وەك كوردستاندا بۆ ئەوەی ژن بتوانێ لەكونجی ماڵ بێتە دەر پێویستی بە پاڵپشتیو دابین كردنی خزمەتگوزاری جۆراو جۆر هەیە، لەوانە دایەنگا بۆ منداڵ لە شوێنی كاركردنو یەكسانی لەكرێ لەگەڵ پیاوانو پاراستنی مافە سەرەتاییەكانی بە قانونو پاراستنیەتی لە دەست توندو تیژی نێو ماڵو دەسەڵاتی پیاوسالاری.

**زنار:** گەنجی كورد بەهەردوو ڕەگەزەكەیەوە، ئەوەندەی خوازیاری خۆشەویستی سێكسیە، ئەوەندە پەیوەستی خۆشەویستی زانینو خۆشەویستی كۆمەڵو خۆشەویستی بەشداری نواندنو داهێنان نییە، بەنمونە گەر بچیتە ناوەندێكی ئەنتەرنێت زۆرم نەگوتووە گەر بڵێم لە(٨٠٪)ی سەرگەرمی كات بەسەربردن لەدیار سایتە سێكسیەكانن، تۆ ئەم پرسە مەترسیدارە چۆن لێكدەدەیتەوە..

**گۆنا** : من نازانم تۆ یان هەر كەسێكی تر بۆچی ئەمە بە مەترسیدار دائەنێ، مەترسی بۆ كێ تێدایە، كاتێ گەنجێك لە بۆشاییەكی تایبەت بە خۆیدا خەریكە سەیری شتێك ئەكات كەخۆشی لێ دەبینێو زەرەری لە هیچ كەسێكی تر نەداوە، ئەگەر مەبەستت ئەوەیە كە لاوان لەهۆی ئەمەوە كەمتر سەرگەرمی زانینو كۆمەڵو داهێنانن، ئەوا من پێم وایە ئەمە كاردانەوەیەكی سروشتیە لە بەرامبەر دوومەسەلەدا، یەكەم ئەوەی كە ناكۆكیەكی گەورە هەیە لە نێوان چوونە پێشی كۆمەڵگا لەرووی زانستو تەكنەلۆجیاو ئاستی تەوەقوعی گەنجانو ئەو وەسائیلانەی ئێستا لەبەر دەستیاندایە بۆ گەیشتن بەدنیای دەرەوە لەگەڵ ئەوەی كەمەسەلەی سێكسو هەر پەیوەندیەكی تری شەخسی لەنێوان ئینساندا ئەوەندە سەركوت كراوەو سانسۆری لەسەرە لەلایەن خێزان، كۆمەڵگا، دینو دەوڵەتەوە كەدەستی ناوەتە بینی گەنجانو لەئەنجامدا هەر فرسەتێك دەقۆزنەوە دوور لەو سانسۆرانە كەخۆشی ببینن لەشتێك كەبۆئەوان هەمیشە " نەكەی بقەیە". مەسەلەی دووەم ئەوەیە كەگەنج لەم كوردستانە فرسەتی گەشەو دەست ئاوەڵابوونو داهێنانی زۆر كەمەو هێشتا دەبێ ڕۆژانە دەستو پەنجە لەگەڵ بێكاریو هەژاریو نزمی ئاستی خوێندنو كێشەی حزبایەتی كردنو بێ كارەباییو بێ ئاویو بێبەنزینی نەرم كات. ئیتر چۆن بتوانێ سەرگەرمی داهێنانو زانست بێت.

**زنار:** بەبڕوای ئێوە ئافرەتانی كورد، دەنگو ئەدای كاركردنی خۆیان دۆزیوەتەوە..

**گۆنا** :من پێموایە ژنانی كورد لەمێژەوە دەورو كاریگەری گرنگیان لەكۆمەڵگادا نیشان داوە، لەگەڵ یەكەمین فرسەتدا بەلێشاو بەرەو پۆلەكانی خوێندن كەوتونەتەڕێو چوونەتە مەیدانی كاركردنەوە، بەڵام هەمیشە ڕێگری گەورەیان بۆ پێش هێنراوە چ لەلایەن خێزانەوە بێت یان كۆمەڵگاو دەوڵەتو هیچ كات وەك ئینسانی یەكسان لەگەڵ پیاوان لەبوارە جۆراوجۆرەكانی ژیاندا سەیر نەكراون، ئەو وەسائیلو پشتیوانیانەی پێویستیانە بۆ دەور گێرانی كاریگەر لە كۆمەڵگادا دابین نەكراوە، بۆ نمونە كاتێ ژنان دەناڵێنن بەدەست كێشەكانی وەك بێ مافیو هەڵاواردن لەنمونەی كوشتنی ژنان لەسەر شەرەفو توندوتیژی نێو ماڵو بێمافی لە قانونداو ئیهانە پێكردنو سوكایەتی كۆمەڵگا ئیتر چۆن دەتوانن ئەدای كاركردنو كاریگەری خۆیان لە كۆمەڵگادا بسەلمێنن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەبینی كەبزوتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان بەرێ كەوتووەو فراوانەو كەسایەتیەكانی خۆی ناساندووە.

**زنار:** كەوابێت، تێگەیشتنو خوێندنەوەی ئافرەتی كورد لەكوێی پەیوەست بوونە عاتیفیەكانو وەرگرتنی ئامۆژگاریە باوەكاندایە، لەكوێی كرداروو دەردەشەكردنی ڕەوشی مافو خواستەكانی خۆیدایە، ئایا لەتەك ڕیشەكولتوریو مەهزەلە كۆمەڵایەتیەكان، لەگەڵ بابەتە

**بۆ ئەوەی ژن بتوانێت لە كونجی ماڵ بێتە دەر پێویستی بە دابینكردنی خزمەتگوزاری هەیە**

ئابووری‌و ڕێسا ئاینیەکان، دەبێ ستایش یان چ جۆرە شەڕێک بەرپابکات..

**گۆنا:** بەرای من ژنان ئەبێ لەلێکدانەوەو خوێندنەوەیان بۆ ریشە کولتوری‌و مەزهەب‌و داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان‌و ڕێسا ئاینیەکان‌و جۆری دەوڵەت‌و دەسەڵات، سەیری دەورو کاریگەری ئەمانە بکەن لەژیانی ژناندا. بە مانایەکی تر ئایا هەریەک لەوانەی سەرەوە لەبەرامبەر"یەکسانی ژنان‌و پیاوان، لەمافە مەدەنی‌و کەسایەتی‌و کۆمەڵایەتیەکاندا، کۆتایی هێنان بە توندو تیژی لەبەرامبەر ژناندا، ئازادی تەواوی ژنان لە ژیانی شەخسی‌و هەڵبژاردنی هاوسەرو ئازادی راو بیرو بۆ چوون‌و دەربرین‌و ئازادی ڕێکخراو بوون بۆ ژنان" چی دەڵێن، ئایا پاڵپشتی ئەم مانیفێستۆیەی رزگاری ژنان دەکەن، یالە دژی راوەستاون، بە پێی ئەمە ژنان شەر یا ستایش لە بەرامبەر ئەم بەشانەدا دیاری دەکەن.

**زنار:** ئەوهۆکارانەی مرۆڤ بەرەو خۆکوشتن‌و خۆسوتاندن دەبەن چین، دواجار بڵێی ئەو دوانەیە ئافرەتی کورد بەرەو کوێ دەبەن، ئایا ئەوەجۆرێک لەشێتی‌و خۆبەدەستەوەدانی قەدەر بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە ناگەیەنێت..

**گۆنا** : نەخێر ئەوە شێتی نیە، ئەوە پەیامی ژنانە، بەم شێوەیە لەژیان کەبەسەریاندا سەپێنراوەو کەنایانەوێ قبوڵی بکەن‌و لە هەمان کاتدا هیچ چارەسەرێکیان نیە بۆ رزگار بوون لە دەستی. هەر ژنێك بەهەر هۆیەك خۆی ئەسوتێنێ مانای ئەوەیە شتێك نوقسانە لەم کۆمەڵگایەدا بەرادەیەك کەئینسانەکان تێیدا بەرگەی ژیان ناگرن. بەرای من گیانی هەر ژنێك کە دەسوتێ لەکەیەکی شەرم هێنەر جێدێڵێ بەناوچەوانی سیستەمی درندەی پیاوسالاریەوە ئەوەی کەدەیهێڵێتەوەو بەرێوەی دەبات لەم کۆمەڵگایەدا کەبریتین لەسێ کوچکەی دەسەلاتی داب‌و نەریتی عەشیرەتی‌و ئایین‌و حیزبەکانی نێو دەسەڵاتی ئێستا.

**زنار:** زۆرجاران، لەدەستنیشانکردن‌و ڕوونکردنەوەی ڕەوشی ئافرەتانی کورد، بێپەروا تاوانبارکردن‌و خەمساردی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئافرەت، نوسەرو وتاربێژەکانەوە بەدیدەکرێت، پێتان وانیە خودی پەرلەمان‌و حزب‌و حکومەت درێژکراوەی داب‌و نەریت‌و کولتوری کۆمەڵگان‌و ئەوانیش تائێستا توانایەکی ئەوتۆی تجاوزکردنیان نییە..

**گۆنا:** راستیەکەی ئەوەیە کەپەرلەمان‌و حزب‌و حکومەت نەك تەنها درێژکراوەی داب‌و نەریت‌و کولتوری کۆمەڵگان، بەڵکو ئەمانە بوونەتە پارێزەران‌و پاسەوانی ئەم داب‌و نەریتانەو من بەپێچەوانەی ئەو قسەیەی تۆ دەڵێم کەمەسەلە ئەوە نیە کەتواناى تەجاوز کردنیان نیە بەڵکو نایانەوێ تەجاوزی بکەن، چونکە ئەمان لەپێناو سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی خۆیان پشتیان قایمە بەسەرۆك عەشیرەت‌و لایەنە دینیەکان. ئەوەتا بەواقعی قانون‌و پۆلیس‌و دام‌و دەزگاکانیان خستۆتە خزمەت پاراستنی سیستەمی عەشیرەتی‌و دەسەڵاتی دینیان زاڵ کردووە لە نێو کۆمەڵگاداو خەڵکی ئازادیخواز سەرکوت ئەکەن‌و لەبەرامبەر هەوڵی رۆشنبیران‌و یەکسانیخوازاندا دەوەستنەوە، بۆ هەر گۆرانکاریەك لەم داب‌و نەریتەدا، ئەوان لەجیاتی ئەوەی کەپاراستنی گیانی ئینسانەکانی نێو کۆمەڵگە بەئەرکی خۆیان بزانن کەئەمە سادەترین ئەرکی هەر دەسەڵات‌و حکومەتێکە، هاتوون پاراستنی سیستەمی عەشیرەتی‌و داب‌و نەریتە دواکەوتووەکانیان کردۆتە ئەرکی خۆیان، بۆ سەلماندنی ئەم قسانەشم ئەوە بەسە ئەگەر سەیری قانونەکانیان بکەیت کەبەرێوەی ئەبەن کەچەندە لە دژی ژنانە، سەیری ئەوە بکە کەچۆن مەسەلەی تیرۆری هەموو رۆژەی ژنان مەسەلەیان نیەو هیچ کارێکی جدی ناکەن بۆ نەهێشتنی.

**زنار:** ئەو بزوتنەوە بەرفراوانە پشت ئەستور بەخەڵك‌و پەیداکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتیەیی لەدیمانەیەکتدا سەبارەت بەڕەوشی ئافرەتان باسی دەکەیت چۆن دروست دەبێت، پێتان وانیە هەموو لایەك بەتایبەت نوسەران پێویست دەکات بەدیقەتتر قسەبکەن..

**گۆنا:** بەرپابوونی بزوتنەوەیەکی فراوانی یەکسانیخواز کەپشت ئەستوور بێت بەهێزی نارازی جەماوەر لەکوردستان‌و پشتیوانی هێزە ئینسان دۆستە نێو دەوڵەتیەکان، تەنها رێگەیەکە بۆ فشار هێنان بۆ دەسەڵاتی ئێستای کوردستان تاگۆرانکاری جدی بکات لەوەزعی ژنانداو کۆتایی بهێنێت بە تیرۆرو رەشە کوژی هەموو رۆژەی ژنان بەبیانوو بەهانەی شەرەف. دروست بوونی ئەم بزووتنەوە فراوانە پەیوەندی هەیە بەدەستپێشخەری لەیەکخستنی ئەو هەوڵانەی کە لێرەو لەوێ بەهێزی بچوکەوە دەدریت، بۆ نمونە هەر ئێستا ریزێکی بەرفراوان لەنوسەران‌و رۆشنبیران هاتوونەتە مەیدان لەدژی کوشتنی ژنان، چەندین رێکخراوەی ژنان بەشێوەی جۆراوجۆر کاردەکەن‌و پرۆژەیان هەیە بۆ خزمەت بەژنان لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان، میدیاکان لەهەموو کات زیاتر سەرنجیان خستۆتە سەر ئەم مەسەلەیە، من ئاگادارم کەلە سلێمانی کۆنفرانس‌و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر گیراوە



بۆ مەحکوم کردنی کوشتنی ژنان، چەند جار خۆپیشاندان سازدرا بۆ بەردەم پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، کەمپینی نێو دەوڵەتی راگەیەندراوە لەدژی تیرۆری ژنان، کۆی کاری هەموو ئەمانە ئەو بزوتنەوە فراوانە پێك دەهێنێ بەمەرجێ سەرێکی رابەری بۆ دروست بێت و رێکخراوەکان و کەسایەتیەکان جیاوازییە ئایدۆلۆجی و حیزبیەکانیان بخەنە لاوەو پێکەوە کاربکەن بە پێی پلاتفۆرمێکی یەکگرتوو کەئامانجی سەرەکی کۆتایی هێنان بێت بەتیرۆرو رەشە کوژی ژنان لەکوردستان و هەموو کارو چالاکیەکانی لە پێناو بەدیهاتنی ئەو ئامانجەدا بێت، من ئێستا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هەفتانە بەرێوە دەبەم لە تەلەفزیۆنی سانای کوردی کەتێیدا هەوڵ دەدەین هەر هەفتەیەك رێکخراوێك بناسێنین بەکۆمەڵگاو رێکخراوەکانی تر تافرسەتی پەیوەندی کردن و کاری هاوبەشی نێو ئەمانە پەرە پێبدەین و لەراستای پێکهێنانی نێتۆرکێکی فراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان کاربکەین، حەتمەن ئەمە تەنها یەك سەرەتایەو من چاوەروانی شێوەی تری داهێنان و کاری هاوبەشم هەیە لەرێکخراوەکانی ترو باقی هێزەکانی تری نێو ئەم بزوتنەوە فراوانە.

**زنار:** کات و شوێن، ژینگەو ڕەنگی وەرزەکان، جوڵەی ماسولکە جەستەیی و توانایی خانە هزریەکان، کۆمەڵێك جیاوازی و پێکهاتەی تایبەتمەندنی هەرتاك و گەل و نەتەوەیەکن، خەباتی ئێوە، یان سەنتەرەکەی ئێوە، لەدووری دوورەوە چی پێ لەبارودۆخی ئافرەتی کورد دەگۆڕێت، هەربەڕاست ئەوەی لەپێشەوەی پرسیارەکە باسمانکرد دەتانەوێت فۆتۆکۆپی بکەن، ئایا ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوومەودایە پێکەوە گرێدەدات چین و لەسەر چ ڕێنامەیەکن..

**گۆنا:** پەیوەندی نێوان کوردستان و دەرەوە لەمەسەلەی ژناندا زۆر پەیوەندیەکی توندو تۆڵ و فراوانە، یەکەم ژنانی کورد لە دەرەوە بەرەو رووی هەمان ئەو کێشانە دەبن بەتایبەت توندو تیژی و کوشتن لەسەر شەرەف کەلەکوردستان تووشی دەبن. تائێستا چەندین تاوانی کوشتنی شەرەف لە ئەوروپا رووی داوە. دووەم رێکخراوەکانی ئێمە لە سەرەتاوە بۆ ئەوە دامەزراوە کە پشتیوانی و یارمەتی پێشکەشی ئەو ژنانە بکات کەتووشی توندو تیژی دەبنەوە، یان لە ژێر خەتەری کوشتنی شەرەفن و هەڵدێن، واتە بۆ هەمان مەبەست و ئامانج کار دەکەین کەرێکخراوەکانی ژنان لەکوردستان کاری بۆ دەکەن. سێیەم ئێمە لەوێ هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە ژن دەکوژن بگیرێن و بدرێن بەداداگاو سزای خۆیان وەرگرن تا ببن بەعیبرەت بۆ ئەوانەی تر کەجورئەت نەکەن بەڵام کێشەیەکی گەورەمان ئەوەیە کەتاوانباران کەلەوێ (ئەوروپا ) ژن دەکوژن دێنەوە بۆ ژێر سەقفی سەلامەتی حکومەتی هەرێم تالە دەست پۆلیس و دادگا راکەن، ئێمە بەشێ لەکارەکانمان لەوێوە بەرەو رووی حکومەتی هەرێمە بۆ دالدەنەدانی تاوانباران. دوا خاڵیشم ئەوەیە کە ناساندنی مەسەلەی توندو تیژی لەسەر ژنان و دانانی فشاری نێو دەوڵەتی لەسەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار یەکێکە لە وەسیلە گرنگەکانی خەباتی ژنان بۆ کۆتایی هێنان بەتوندو تیژی لەکوردستان، چونکە ئەم دوو حیزبە لە هەموو جێکایەکی دنیا خۆیان بەوە دەناسێنن کەدیموکراتین و مافی مرۆڤ دەپارێزن، کاتێ ئێمە لەدەرەوە راستی کارکردن و بێدەربەستی ئەمان دەردەخەین بۆ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی زۆرێك لە رێکخراوە ئینسان دۆست و حیزبە چەپ و رادیکالەکان نامەی نارەزایەتی دەکەنە سەر دەسەڵات لەکوردستان و داوایان لێ دەکەن کەرێزی مافی مرۆڤ بگرن. لەهەموو ئەمانەش زیاتر ئەگەر لەکوردستان مەسەلەی رەشەکوژی ژنان لەسەر شەرەف رێگەی پێ بگیرێ و تاوانباران بە توندی سزا بدرێن، ئەوا مەسەلەی کوشتنی شەرەف لە دەرەوە لەنێو جالیەی کوردیدا زۆر کەم دەبێتەوەو ئەمەش ئامانجێکی سەرەکی رێکخراوەکانی ئێمەیە لە دەرەوە.

**زنار:** ئەو بوارانە چین کەسەنتەرەکەتان چالاکی تیادا ئەنجامداوە، خوێندنەوەو پەیوەندیتان بەڕێکخراوەکانی بواری ئافرەتان لەکوردستان، لەچ ئاست و مەبەستێکدایە..

**گۆنا:** ئێمە زیاتر بەرنامەکانمان بریتین لە هوشیار کردنەوە لەسەر دوو ئاستی جیاوازدا، یەکێکیان هوشیار کردنەوەی جالیە خۆرهەڵاتیەکانە لەسەر مافەکانی ژنان دووەمیان هوشیارکرنەوەو مەشق پێکرنی پۆلیس و دام و دەزگا خزمەتگوزاریەکان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی تێگەیشتنیان لەوەزعی ژنانی خۆرهەڵاتی و موسڵمان، ئەو جۆرە توندو تیژیانەی بەرەو رووی دەبنەوە. بەرنامەی هوشیار کردنەوەکانمان لە رێگەی مەشق کردن، بەستنی سیمنارو کۆنفرانس و ۆرك شۆپ و هەروەها لەرێگەی وێب سایت و گۆڤارێکی مانگانەوە بەناوی (ئەلنیسا)بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەریدەکەین و هاوکاری گۆڤاری ئاوێزە دەکەین بە زمانی کوردی. بەرنامەکانی ترمان بریتین لە کەمپینکردن بۆ یەکسانی ژن و پیاو، کارکردن بۆ قەدەغە کردنی حیجابی منداڵان و هەروەها یارمەتی دانی ئەو ژنانەی کە لەدەست توندو تیژی هەڵدێن لەدۆزینەوەی ماڵ و دابین کردنی مووچەی دەوڵەتی بۆی و پشتیوانی کردنی لەحاڵەتی جیابوونەوەو دادگادا..........ماویەتی....



# تێکشکانی بەهاکانی کۆمەڵگا لە سایەی عەقڵی داخراودا

م.ئاوات

پێش ئەوەی باسی تێکشکانی کۆمەڵگا بکەم، بەچاکی دەزانم پێناسێکی سادە بۆ عەقڵی داخراو بەمانا تازەکەی دۆگماتیزم بکەم، دۆگماتیزم:- مانای باڵادەستبوونی بیرێک، یان بۆچوونێک بەسەر کۆی تواناکانی بیرکردنەوەو تێفکرین تارادەی ئیفلیجکردنی هەموو لایەنەکان، مانای بەندکردنی کۆی تواناکانی بیرکردنەوە لە وێنەیەک، تێزێك یان تیۆریەکی تایبەتدا، دەربارەی جیهان، کە زۆرجار کەسێکی دەسەڵاتدار هەڵگریەتی‌و ئەم کەسەش هەرجارەو ناوێك لەخۆی دەنێت، هەندێجار، خۆی وەك کەسێکی پیرۆز نیشان دەدات‌و هەندێجاریش وەك عارف‌و روحانیەك یان رابەرێکی سیاسی. کەسی دۆگماتیست، دەشێ دینی بێ‌و یان عەلمانی، یاخود هەر هیچیان نەبێت، ئەوەی کە لە دۆگماتیزمدا ئامادەیە، داخستنی ئەگەرەکانی بیرکردنەوەو تێرامان‌و راڤەکردنێ بەرووی یەك شێوازو یەك بیرو تێزدا. بۆ قسەکردن لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا، پێویستمان بە توێژینەوەی بابەتیانە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لە راستی بابەتەکەمان دڵنیابین‌و مەبەستەکانی ئەم بابەتە بپێکین‌و شیبکەینەوە. لێرەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە ئێمە وەکو کۆمەڵگەی کوردی، سادەیی‌و ئاڵۆزکان لە کارەکانمان بەدیدەکرێ، کەزۆرجار جیاکردنەوەیان کارێکی هەروا ئاسان نییە کە ئایا ئێمە کۆمەڵگەیەکی عەلمانین یان ئایینی، خوێندەوارین یان جاهیل، وشیارین یان لە غەفڵەت داین، خاوەن شارستانیەتین یان ناشارستانین، کشتوکاڵین یان پیشەسازی. ئەمانە کۆمەڵێك پرسیاری جدیین لە ئەندێشەی رۆشنبیرانی ئێمە کەم تا زۆر بوونیان هەیەو ئەمەش پێویستی بە وەڵامێکی بابەتیانەی فیکری‌و مەعریفی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی باشمان لە سایەی ئەم پرسیارانە دەست بکەوێ، بۆ ئەمە پێویستیمان بەچەندین دەزگای توێژینەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە لە غیابی نەبوونی ئەم ناوەندانەوە لە کوردستان کارەکە هەروەك خۆی دەگوزەرێ.

کاریگەری خێزان:- دیارە خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگایە، بۆیە پشکی یەکەم بەر ئەو دەکەوێ لە دروستکردن‌و تێکشکاندنی کۆمەڵگا بەو مانایەی تاچەند خێزانی ئێمە خاوەنی رۆشنبیریەکی کراوەیە لەناو ئەم کولتووورە داخراوە، تاچەند خاوەنی پلان‌و سیستەمێکی کراوەی پەروەردەیی جوان‌و راست‌و زانستی‌و بەرهەمدارە کە گیانی هاوکاری‌و رووحی‌و لێبوردەیی کە لە ئەمرۆدا یەکێکە لە درووشم‌و ئامانجە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی.

کاریگەری کۆمەڵگا:- لامان روونە تاك داینەمۆو دروستکەری خێزانە، خێزانیش درووستکەری کۆمەڵگایە، بەڵام چۆن خێزانێك؟ چۆن کۆمەڵگایەك؟ بەداخەوە کۆمەڵگای ئێمە گیرۆدەی دەستی داگیرکەری عەقڵی داخراوە، کە ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کولتووورە داخراوەکەی، کە کرانەوەی بە دەروازەکانی جیهاندا بۆی کارێکی ئاسان نییە، تا بارودۆخی ئەمڕۆی سیاسی عێراق‌و کوردستان، بەم شێوازەبێ، هیچ ئەگەرێکی کرانەوەی لێ بەدیناکرێ، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دڵخۆشی کۆمەڵگا، هەربۆیە دۆگماتیزم‌و سادەگۆیی دوژمنی سەرەکی رۆشنگەرین. رۆشنگەری بەمانا (کانتیەکەی) کە بریتییە" لەتوانای وەگەرخستنی ئاشکراو سەربەخۆی رەخنەییانەی عەقڵ، کە لەسەرێکەوە مەعریفەیەکی کراوەو زانستی‌و بەرهەمهێن، لە سەرێکی دیکەوە، جۆرێك لە بەرپرسیارێتی بە مرۆڤ دەبەخشێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی رێزدارو گرنگ". بۆیە خێزانی کۆمەڵگەی ئێمە دەبێ لەوە تێبگات، بوونی منداڵ بەتەنها ئەرك نییە لەسەر شانی خێزان، بەڵکو ئەرکی لەسەر شانی کۆمەڵگەو حکومەتیشە کە لەرووی مادیی‌و مەعنەوییەوە ئەم دووبوارە تەواکەری یەکترین، کە یەکێك بەبێ لاکەی دی ماناکان‌و باڵانسەکانی ژیان لاسەنگ دەکات، کە ئێستا بەچاوی خۆمان دەبینین چەندین دیاردەی جوان هەیە لەدەستمان داوە وەکو( پیسبوونی ژینگە، لە زۆربەی شارو شارۆچکەکاندا دەبینرێت، بەتایبەت ناو بازارەکان، زۆربوونی مەیفرۆش‌و جگەرە بێ ئەوەی یاسایەك هەبێ بەرامبەر بە منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ساڵ بوونی چەندین دیاردەی دیکەی نابەجێ کەوەك دیاردەیەکی ئاسایی ژیانی رۆژانە سەیر دەکرێت...هتد)..

کاریگەری خوێندن:- هەرچەندە لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەزارەتی پەروەردە بەرپرسی یەکەمی منداڵانە، ئەویش بەهۆی ئەم سیستەمەی کە پەیرەو دەکرێن بەداخەوە خوێندکاری وڵاتی ئێمە کەمترین ماوە پەیوەستە بە قوتابخانەو خوێندنگاکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی پەروەردە بەرپرسی یەکەمە لە کرانەوەو داخرانی عەقڵی تاکی ناو ئەم کۆمەڵگایە، چونکە پێویست بوو لەگەڵ رووخانی بەعسدا، گۆران لەم سیستەمەدا بکرایە، ئەویش بە دارشتنەوەی فەلسەفەیەکی مۆدێرن‌و پێشکەوتوو کە سەرجەم درووشمە جوانەکانی ژیانی لەخۆیدا کۆبکردایەتەوە، کە بەشێوەیەکی کرداری لە ژیاندا جێبەجێ بکرایەو واهەست بکات چەند لە ژیانیدا مافی هەیە، ئەوەندەشی ئەرکی لەسەر شانە، بۆیە پێویستیمان بە گۆرینی ئەم فەلسەفەیە هەیە، بۆ ئەوەی تاکێکی بەرپرسیارو بەرهەمهێن بێتە بوون‌و بۆ کۆمەڵگا دەست بدات.

بوونی پلان:- پلان یەکێکە لە گرنگترین میکانیزمەکانی خۆبەرێوەبردنی ژیان، جا چ بۆ تاك بێ یان یان خێزان‌و حکومەت، بەداخەوە بوونی پلان تا ئێستا وەك پێویست لای ئێمە ئاوری لێنەدراوەتەوە، ئەوەشی لە کردەوکانی ژیانی رۆژانەی تاکەکاندا دەیبینین، حەقیقەتی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە دەردەخات‌و زۆر جوان خۆیمان پێ نیشان دەدات. حکومەتیش وەکو پێویست گرنگی بە وەزارەتی پلانداانان نەداوە یان یاخود بڵێین ئەم وەزارەتە بە گرنگی ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە، ئەوەش لە زۆربوونی کارمەندەکانی دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەشدا کارەکان بەشێوەیەکی باش راناپەرێ، لەگەڵ بوونی گەندەڵی‌و دیاردەی زیادەرۆیی زۆر دەبینرێ لە بەشێك لە داموو دەزگاکاندا. سەرجەم ئەم دیاردانە لەناو خێزان‌و کۆمەڵگاو حکومەتدا هەن، دیاردەی ناشارستانی دوور لە بەهای جوانی مرۆڤایەتین، دوور لەهەر هەستکردنێك بە بەرپرسیارێتی، بۆیە دەستگرتن بە یاساو رێزگرتن لە بەهاجوانەکانی کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەکی ئومێدبەخشمان پێدەدات کە دووربێ لە تێکشکانی خێزان‌و کۆمەڵگاو حکومەت، گەر وانەبێ لەوانەیە هەستانەوەی کارێکی زۆر پڕ ئاستەنگ‌و دژواربێ.

# سەرلێشیواوی ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان

ئیسماعیل کەریم – ئەڵمانیا
www.ismail-karim.com

ڕۆژنامەوانی بەدەر لەوەی کارێکی پیرۆزو مرۆییە، بەهێندەش کارێکی هەستەوەرو شارەزای پڕی دەوێت، لەهونەرو یاساو تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی، گەر تەکنیکی ڕۆژنامەوانیت شارستانیو مرۆیی نەبێت، ئەوا هەرگیز نەدەتوانیت درێژە بە ڕۆژانی داهاتووی ڕۆژنامەکەت بدەیت، نە دەشکرێت بە ژمارەکانی ئایندەی خوێنەر دڵخۆش بکەیت، ئەمە جگە لەوەی ناتوانیت سوودێکی بەئەدەبی کلتووری ئەو میللەتە بگەیەنیت کە زمانی ڕۆژنامەکەتە.

لێرەوەیە کە هەرکەسو ڕێکخراوێك دەستی برد بۆ ئەم کارەو هەموو ئەم خاڵانەی ڕەچاو نەکرد کە پێویستە ئەمی ڕۆژنەمەوان وەك سیستەمێك کاری لەسەر بکات، ئەوە بە دڵنیاییەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان تووشی کارەساتو ڕەوینەوەی

**ماڵپەڕە کوردیەکان نەزمی بڵاوکردنەوەیان شێواندوە، شیعرو میعر، بابەتی جدیو ناجدی، وڕێنەو، پرسەنامە، هەواڵو، ئینشا..... هتد بەیکەوە ریزبەند دەکەن بۆ بڵاوکردنەوە.**

هەموو ئەو قەڵەمانە دەبێت کەبوونو دەبنە ڕووی گەشو ئاسۆی بەیانی ڕۆژنامەکە. ڕۆژنامەی ئەرییەی هەوڵی دەوێت، گەر ئەکادیمی نەبویتو نووسەریش نەبویت لە غەمی نوسین بگەیت، بێگومان خوێندنەوەی دەوێت، گەر دەتەوێت نەریەی بیت خەڵکیش بێ ڕێز نەکەیت لەشەڕە جنێو هەر دروست دەبێتو دەتوانێت درێژە بەتەمەنی مردوی خۆی بدات، بەڵام ئەوە گرنگە کەسی ڕۆژنامەوان هەردەم پابەندی ئەو سیستەمو ئەکرەکتیکە ڕۆژنامەوانیە بێت، کە دەتوانێت زۆرینەی خوێنەری جدی لەدەور نوسینەکانی کۆبکاتەوەو بەهای بەرزی ئەو نوسەرانەش لەبەرچاوبگرن کە دەگمەنو نوسەری جدین لەبوارەکەدا، ماندووبوونی زۆر بە نوسینەکانیانەوە دیارە، هەمیشەش دەرك لەسەر پشت نەبێت بۆ هەموو قەڵەمێکی ئینشانووس کە لەسەرەتای نوسینەکەیەوە تا کۆتایی، ناتوانێت قسەکانی بکاتەوە، پێمان بڵێت ئەمە پەیامی من بوو بۆ تۆی خوێنەر، کە بەداخەوە ئەمڕۆ زۆربەی ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان وەك عەرەبانەی حەماڵی لێهاتووە، هەرچیەکی لەسەر بارکەیت بێدەنگ، خاترجەم. بەڕاستی کفرێکی گەورەو دیاردەیەکی قێزەونیشە خاوەن ماڵپەڕێك قەڵەمێکی جدیو ئینشانوسێك لەیەك جودا نەکاتەوەو هەردوکیان لە ماڵپەڕەکەیدا وەك یەك شوێن وێنەیان بخرێتە سەر ماڵپەڕەکە....

لەناو سیستەمی هەموو ڕۆژنامەکانی دونیا پەیڕەوی نەزمی ڕێکخستنو کلێشەی هەموو ئەو بابەتانە دەکرێت کە لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێنەوە، نەك وەك ماڵپەڕە کوردیەکان نەزمی بڵاوکردنەوەیان شێواندوە، شیعرو میعر، بابەتی جدیو ناجدی، وڕێنەو، پرسەنامە، هەواڵو، ئینشا..... هتد بەیکەوە ریزبەند دەکەن بۆ بڵاوکردنەوە. هەموو ئەم نەزانینو سەر لێشێواندنانە بانگەشەی مەرگی لەسەرخۆی ماڵپەڕەکان دەدەن، ئەگین کەی ڕەوایە لەماڵپەڕێك کە ڕۆژانە ٢٠تا٣٠ بابەت بۆخوێنەر پەخش بکات، لەنێو هەموویاندا تەنها دوو بۆ سێ بابەتی جددی تێدابێت کە بتوانێت پاشخانی ڕۆشنبیری خوێنەر دەوڵەمەند بکات. کەچی بەڕێوەبەری ماڵپەڕەکان بەخەمساردی مامەڵە لەگەڵ ئەم نوسینو نوسەرانەدا بکەن؟. زۆرینەی ماڵپەڕە کوردیەکان



لەبڕی خەمی گەورەی بۆ نوسینو گۆڕانی کۆمەڵگا بە ئاڕاستە جوانەکانی ژیاندا، تەنها خەمی گەورەیان زۆری خوێنەری ڕێژەی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیانە، هەموو ئەمانەش هۆکار گەلێکی زۆرن بۆ ئەوەی نوسەرە جدیەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕۆژ بەرۆژ دوورە پەرێزبن، چیتر ئامادەگی ئەوەیان نەبێت، نوسین بۆ ئەمجۆرە ماڵپەڕانە بنێرن، ئاخر بە چ پێوەرێکی ڕۆژنامەوانی ڕەوایە نوسینێکی سەراپا جنێوو دوور لە هەموو پێوەرەکانی نوسینو بەناوێکی خوازراوو بۆ مەرامێکی تایبەت بکەوێتە پێش نوسینێکی ئەدەبی یاخود فکریو فەلسەفی نوسەرێکی خاوەن ئەزمون؟؟؟ئەگەر تەنها بە پێوەری ئەم ماڵپەڕە کوردیانە نەبێت؟؟

بۆیە دەبینین چیتر نوسەرانی جدی ناتوانن بێدەنگ بن بەرامبەر بەم گەندەڵیەی کەوتۆتە ناو ئەم ماڵپەڕە کوردیانەوە، جامی تووڕەیی دەرژێنێت بەسەریاندا، بۆ ئەوەی بەتەواوی بەڕێوەبەران بەئاگا بهێنینەوە کە بەردەوامی سیستمی کاریان بەم شکڵو فۆرمە ئەوا بەرەو کەنارەکانی فەنا بوونی دەیانبات، بە هێندەی بتوانن ئاسۆیەکی ڕووناك بۆ ئایندەیان هەڵبهێنێت، ئەو تووڕەبوونەش وەك ئەرکێکی ڕۆژنامەوانیو بۆ بەرز ڕاگرتنی پیشەکە کارێکی ڕەوایە.

زۆر جارنووسەر هەست بەشەرمەزاریەکی گەورە دەکات، کاتێ نوسینێك دەنوسێتو بۆ سبەی بابەتەکەی بەتەنیشت کۆنە بەعسیەکەوە بڵاوبۆتەوە، یاخود لەگەڵ وڕێنەی کەسێك کە ساڵانێکە دەیەوێت پێمان بڵێ کە شاعیرە، بەمەرجێ لە هەموو ساڵانی نوسینی ئەم جۆرە بەناو ﴿شاعیر نوسەرانە﴾ ئێستاشی لەگەڵ دابێت نەیانتوانیوە ببنە خاوەن پەرەگرافێکی ئەدەبیو هەندێکیشیان تەنانەت ڕستەیەکی جوانو بایەخدار

لەنێو هەموو نوسینەکانیاندا نادۆزرێتەوە، کەچی بەردەوام ماڵپەڕەکان بە شانازیەوە سەقاڵی بڵاوکردنەوەی(شتەکانی) ئەم مرۆڤ گەلەن... گەندەڵیو سەرلێشێواوی هەمیشە روو لەو ماڵانە دەکات کە دەرگایان هەردەم لەسەر پشتەو هەموو کەس بێپرس لەخۆڕا بتوانێت خۆیان بکەن بەژووردا، بە بێ ئەوەی خاوەن ماڵ خاوەنی بچووکترین پرنسیپ بێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەئێستەشی لەگەڵدا بێت نەیانتوانیوە بچووکترین خزمەت بە ئەدەبو فکری کوردی بکەن، هەروەك چۆن هەگبەکەیان خاڵیەو کەسیش چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکەن بەردێك بخەنە سەر دیواری بونیادی مەعریفەو کولتوری کوردی، هەمان ئەم قسەیە وەك چۆن بۆ هەموو ماڵەکانی سیاسەتی کوردی دروستە، بە هێندەش مەفهومێکی گونجاوە بۆ زۆرینەی ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان بە شێوەیەك پەتای گەندەڵی ئەم ماڵپەڕانەی گرتۆتەوە، کەنوسەری جدی هەردەم بەنیگەرانیەوە دەڕوانێتە ئایندەیان، چونکە نیشانەکانی هەست پێدەکرێت، کەبەدەرە لە هەر جۆرە خزمەتکردنێك بێت بەهەر ناوێکەوە هەموو ئەم دیاردە گەندەڵیانەی کە هەست پێدەکرێت لەنێو ئەم ماڵپەرە ئەلکترۆنیانەدا، دەرەنجامەکەی لەناو چوونی متمانەیە لەلای خوێنەر بەگشتیو نوسەران بەتایبەتی. ئەمانە هۆکار گەلێکی زۆرن بۆ ئەوەی نوسەری جدی میوانداری ماڵێك نەکەن، کە هەست بکەن خاوەن ماڵ بەو میوانداریو ماندووبوونانە نەزانن، کە ئەمان کێشاویانە لەپێناویدا، هەروەك چۆن کەسێکی بە ئەزموونو دونیا دیدە مارێك دووجار نایگەزێت لە کونێکدا..دیارە لای هەمووانیش روونە کە سەرمایەی نووسەر خوێنەرە، ئەوا بەردەوامیو ئایندەرونی ئەو ماڵپەڕە ئەلکترۆنیانەش نوسەری جدیە، هەچ کاتێ نوسەر گەیشتە ئەو دۆخەی کەچیتر خوێنەر چاوەڕێی نوسینی نەکەن، کە گەورەترین شکستە(شارستانی ترە دەستبەرداری نوسین بێت) وەك ئەوەی درێژە بەنوسین بدات، بەهەمان شێوە ئەم هاوکێشەیەش گەلێك گونجاوە بۆ ئەو ماڵپەڕانەی کەچیتر ناتوانن چوار نوسینی جدی پەخش بکەن..بۆ ئاوا دۆخێك گەر گوزەرکات بەسەر ماڵپەڕێکدا ئەوا باشتر وایە پرسەی بەخاك سپاردنی دابنێ، وەك لەبەردەوامی کارکردنیدا.

تێبینی: ئەڵبەت ئەم پەتایە بە دوورە لەو ماڵپەرە ئەلکترۆنیانەی کە هەردەم چاوەڕوانی بابەتی جدیو گۆڕانی گەورەو بونیادی کۆمەڵگایان لێ چاوەڕوان دەکرێت.

# مەرامێکی دیکەی ئایدۆلۆژیا تۆتالیتاریستیەکان



فرمێسک اسماعیل

کاتێك ئافرەت وەك کالآیەك بۆ پرسە لاوەکیو چارەنوسسازەکان سەیر دەکرێت، کارەکتەری لەناو کایەی سیاسیو کۆمەڵێك مەرامی دیکەی ئایدۆلۆژی ئەوەندەی دی چوارچێوەکەی تۆختر دەکاتەوە. دیارە ئەمەیان خودی رەگەزی بەرامبەریش دەخاتە قەیرانێکی روحیەوە. ئایدۆلۆژیە تۆتالیتاریەکانی دونیای ئێمە خەریکی ئەمەن؛ لەلایەکەوە بوونی وێنەیەکە بۆ بەیەککردن لەگەڵ ئەوانی دی، لاکەی دیکەشی مەرامێکی دیکەی لەدواوەیە کە مرۆڤ بەرەو دارمان دەبات. تاکی ئێمە ئەخلاقێك دەژیا هی خۆی نیە، هەلگری هیچ کام لەبەرامبەر خوێندنەوەو رێزگرتنو لێبووردەیی نیە. ئەخلاقی ئەو پەیوەستە بە ئەخلاقی کۆوە، هەرگیز پێوانەکردنی ئەو لەبەرامبەر تۆدا پەیوەست نیە بەخۆتەوە بەڵکو بەخۆیەوە. ئەمان دەسپێکی ئەوشتانەن کە ئەوێ بە تێپەڕاندنی چەند سەدەیەك بەدیهاتووە؛ جیاوازیەك لەو نێوەندەدا جێگەی هەڵوەستەکردنە ئینتیمای ئایدۆلۆژیمانە، لەهەمان کاتدا ئەوێ ئەخلاقێکی بیناکراوە لەسەر خوێندنەوەی بەرامبەر. بێینەوە نێو گەمەی سیاسی، دواجار ئەمەیە کۆی شتەکانی بە دۆخێکدا بردوە کە خۆی مەبەستیەتی، بێ ئەوەی سڵ لە کولتوورو موقەدەسات بکاتەوە، ئەوە نەبێ ئێمە لەدەرەوەی ئەم ژینگە دوورە پەرێزە وەستابینو پریشکی ئەم شاڵاوەمان کەمێك بەرنەکەوێبێت لەجۆری مۆدەو بەرجەستەکردنی هەموان لێرە روح فەزایەکە بۆ شتی پیس، نەبوون، بەدوادانەچوونی شتەکان لەدەرەوەی روح دەبێت تەعبیر بکرێت، هێما بێت بۆ کۆ. بانگەشەی مزایەدەکردنی ماف بۆ ئافرەت یەکێکی دیکەیە لەقەیرانو مەرامە ئایدۆلۆژیەکانی ئێرە. مافی ئەو لەسەر بنەمای واقیع نادرێت، بەڵکو مەرامێکە بۆ ئەو شتانەی لەسەرەوە هێمام بۆ کردن.

ستافی هەر ئیدارەیەكو کۆبونەوەی هەر کۆمەڵێکی ئایدۆلۆژی پێویستی بە ئافرەت دەبێت بۆ نوێنەرایەتیکردن نا، بۆ نمایشێك لەدەرەوەی ماناو جەوهەرێتی خۆی. لەم ئەستێرەیەی ئێمەدا ئافرەت تا ئێستا هەناسەیەکی هەڵنەکێشاوە بۆنی ئازادیو خوودبوونی لێبێت. وشەکان لای ئێمە هەڵگری ناوەرۆكو جەوهەری خۆیان نین، بەڵکو هەڵگری ئایدیاو بۆچونەکانی ئایدۆلۆژیایەکانن. بەقسە بێت هەموو شتەکان دوایی هاتووە. دۆخێك دەژیەین بێ کێشەو گرفت، ئازادی، دیموکراسی، ئەرك، ماف، هەموویان بونێکی حاشا هەڵنەگریان هەیە. پرسپێکتیڤ ئەوەندە زاڵە حەق بەهەمووان دەدات بێ پۆلێنکردن هەناسە بدەن. ئەوەی ئێستا ئافرەت گوزارشتی لێدەکات رەگەزی بەرامبەرە، ئەو بووەتە مانایەك بۆ مانەوەو پاراستنی ئافرەت وەك میکانیزمێك سەیر دەکرێت بۆ ویستێکی سایکۆلۆژیو بایۆلۆژی، لەدەرەوەی ئەوە مرۆڤێك نییە مانایەکی کە بدا بەژیان. لێرەوە بوونی خۆی لەدەستدەداتو ناچارە دەرگیری رەگەزی بەرامبەر بێت؛ چاوەڕوانی فریاد رەسێك بێت لە خانەوادەکەی رزگاری بکات بۆ خانەوادەیەکی دیکە کە هەمان شێوە دەژیەت. کۆتا هێمام ئەوەی ئێستا روودەدات ویژدانێکی بێئاگای هەموانە. درێژەدانی تونێلێکە گرنگ داخل بوونە بیر لە چوونە دەرەوەی ناکەینەوە.

# لە ٧٥ساڵیدا بە چەقۆ نان پەیدا دەکات

گەرمیان حەمەخان
garmyan86@gmail.com

لەسەر زەوییەکە کیسەیەکی ڕاخستووە، خۆشی لەسەری پاڵکەتووەو خاولییەك کە لەبری جامانەکەی لەسەری دەپێچێت لە ژێر شانیدایەو، شانی بەسەرا داداوە، باکیشی بەو جۆگە باریکە چڵکاوە بۆگەنەش نییە کە پاڵی بە لێوارەکەیەوە داوە، ئەوەندەش گوێ بە گەرمای خۆرەتاوی هاوینی پرۆکێنەری گەرمیان نادات، ئەوگوێ بەوانە نادات، باکیشی لەو کەسانە نییە کە پێکەنینیان بەکارەکەی دێت، (دانیشتن بە دیار چەند چەقۆیەکەوە) دەیان کەس مامەڵەی دەکەن ئەگەر یەکێکیشیان لێی بکڕێت، تەنانەت تەمەنیش چۆکی پێدا نادات، بەڵێ ....... ئەو هەرگیز باکی لەوانە نەبووەو نییە، چونکە ئەو ڕێگایەکی لەبەرە دەبێ بیبڕێت، کۆڵێکی لەسەر شانە دەبێ بیگەیەنێت (پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەو دابین کردنی کرێ خانووی خۆیو ژنەکەی).

ئاخر ئەو لەم گەلاڕێزانی تەمەنەیدا بە هیوابوو کوڕەکانی هیوای دوا ڕۆژی بێننە دی، "وەکو هەرباوکێکی دی لەگەڵ ڕۆڵەکانی بژی" کێ دەیزانی یان بەبیریدا دەهات شالاوی ئەنفال ئەمیش وەك هەر باوکێکی دیکە جگەربڕاو دەکاتو ڕۆڵەکانی ڕاپێچی بیابانەکانی عەرعەرو خواروو دەکات؟ بەدەم تەهلیلەو ژماردنی تەزبیحە سەدویەك دانە قەسقەوانەکەیەوە، وەڵامی سڵاوەکەی داینەوە.

(مام حەمەڕەشید فەرەج)ی تەمەن٧٥ ساڵ لە سەر زێدی باپیرانی لە گوندێکی گەرمیان درێژەی بەژیانی ئاسایی خۆی دەدا، ئەو لەگەڵ منداڵەکانی لە کێڵگەکانی خۆی خەریکی چاککردنی کێڵگەو کشتوکاڵەکەی دەبوو، کوڕەکانیشی شوانی ئاژەڵەکانی، ڕەنجیان بۆ بژێوی ژیان دەدا، بەڵام ئەو ساڵە (١٩٨٨) بەر لەوەی بەرهەمی ساڵ پێبگەن بەرهەمی ئەو ڕەنجەی کۆنە کردەوە، هەمووی بە بادا چوو، لەگەڵ هەمووماڵو سامانەکەی.....! "قەیدی چییە؟ با چەندین جاری دیکە ماڵو سامانی بە بادا چووبا! ماڵی دنیا هەر دروست دەبووەوە، هەزاران کەس وابووە.... بەڵام ئاخر ئیدی چ جێگای خێزانیو دووکوڕەکەی دەگرێتەوە؟ چۆن دروست دەبنەوە؟ کێ دەیانهێنێتەوە؟..کێ ..! بێگومان کەس.! هیچ کەس...!!" لەسەر کیسەکەی ژێری چەندجۆرێك، لە هەرجۆرێکیش چەند دانەیەك چەقۆی لەخوار پێیەوە داناوە. "حاجی ئەم چەقۆ بە چەندە، کەمتر نابێت؟". "حاجی گیان






ئەمانە کامەیان تیژە؟". "جائەمەیان ئەسڵە؟". "مەرحەبا حاجی گیان ماندوونەبی، چۆنی؟ ئەوە ناتوانیت چەقۆیەکی ئاڵەمەی دەستم بۆ بێنیٚ؟ چەقۆی چاکە.﴿هەردوو دیوی بە ناولەپیا دێنیٚ وەك چۆن لە هەسانی بسویٚ﴾ ئەمە هی بەرلە ئەنفالە، بە ڕەحمەت بیٚ باوکم هاتوچۆی بەغدای دەکرد لەویٚ بۆی هێنام. بزانە دانەیەکی لەمەم بۆ پەیدا ناکەی؟".

مامەڵەی ڕۆژانەیەتی، لەگەڵ هەموویان ڕووی خۆشە، بە زمانە شیرینەکەی جواب دەداتەوە، "هەمووی باشە، ئەگەر کرا بەسەر چاو، چەقۆی باشتر دێنم". گوزەرەکە هەموو خۆشیان دەوێت ڕێزی دەگرن، تەنانەت پۆلیسەکانی لیژنەی ئەمنی شاریش، ئەوانیش وەك هەمووان. ماوەی حەوت ساڵە پیشەیەتی، تەنها ئەمە کاریەتی، چەقۆ دەفرۆشێتو دەست لە کەس پان ناکاتەوە، بەکارەکەی قەناعەتە، هەر پارەی سەوزەکەو کریٚ خانووەکەی کە دەکەوێتە گەڕەکی شەهیدانی کەلار پەیدا بکات ئیدی خۆی بە "پاشا" ناگۆڕێتەوە. درەنگە، ئێوارەیەو کات بۆ ئەو درەنگی کردووە. سەعاتەکەی کە بە زریزەیەکەوە بەستراوە لەبەر باخەڵی دەردێنیٚو بە دەستە لەرزۆکەکانی تەواو لە چاوی نزیکدەکاتەوە، تەماشای دەکاو میللی کاتژمێر حەوت کەم دە خولەکی پیشاندەدات. وورده وورده خۆی کۆدەکاتەوە، خاولییەکە لەسەری دەپێچیٚو کلاٚشەکانیش لەپیٚ دەکات، پاشان چەقۆکانی لە کیسەکە دەنیٚ دەستی لە زەوی گیردەکات تا هەستێتە سەر پیٚ، بەدەم ڕاست بوونەوەوە کیسەکەی دەدا بە کۆڵاٚو دەستێك بۆ گوزەرەکە بەرزدەکاتەوەو تا ڕۆژێکی نویٚ ماڵئاواییان لیٚ دەکات. بۆ ئەو درەنگە "بەر لە بانگ دەبێت بگاتەوە ماڵەوە" خێزانەکەی تەنهایە. لە دەستگێرەکانی سەر ڕێگاکەی "شۆربایەك تەماتەو بامیٚ" دەباتەوە، وورده ووردەو لەسەرەخۆ بە پێیان دەڕواتو بەرلە ئاوابوونی خۆر دەگاتەوە ماڵەوە. ئیتر بەو جۆرەوە ژیانی ڕۆژانەی دووبارە دەکاتەوە.